باومگارتن.. کاوە جەلال

١- پوختەی ژیاننامە

ئالێکساندەر گوتلیب باومگارتن ١٧/٦/١٧١٤ وەک پێنجەم کوڕی خانەوادەکەی لە بەرلین هاتە جیهانەوە. باوکی، یاکوب باومگارتن، قەشە بوو، دایکی، ئەزینا ئولیزابێت، سێ ساڵ دوای زایینی ئالێکساندەر جیهانی بەجێهێشت، پێنج ساڵ دوای ئەویش باوکی. ئالێکساندەر لە لایەن نەنکیەوە بەخێو کرا؛ ساڵی ١٧٢٧ لەتەک براکانیدا گواستیەوە بۆ شاری هالێ تاکو لەوێ بەردەوامی بە خوێندن بدات. باومگارتن ساڵی ١٧٣٠ لە زانستگەی هالێ وەرگیرا و دەستی کرد بە خوێندنی تیۆلۆگی، فیلۆلۆگیی کلاسیکی، پۆئێتیک و ڕێتەریک، کە ساڵی ١٧٣٥ تەواوی کرد و بەوانامەی ماگیستەری پێدرا، پاشان دوای نیو ساڵ بە توێژینەوەیەکی فەلسەفیی دکتەرا ("چەند مەرجێکی هەبەست") مەئتی فەرکاریی پێدرا. باومگارتن ساڵی ١٧٣٧ بوو بە پرۆفیسەری بەکورسی، هەر لەم کاتانەشدا تووشی نەخۆشیی سیل بوو. سەرباری دووركەوتنەوە و وەرگرتنی مەئتی نەخۆشی، ساڵی ١٧٣٩ بەرهەمە سەرکیەکەی بە ناونیشانی "مەتافیزیکا" بڵاوکرایەوە و ساڵی ١٧٤٠ بوو بە پرۆفیسەری خاوەن کورسی بە "دانایی جیهانی و زانستە جوانەکان" لە فرانکفورتی سەر ئۆباری ئۆدەر. ساڵی ١٧٥٠ بەشی یەکەمی نووسینە بەناوبانگەکەی بە ناونیشانی "ئائستێتیکا" بڵاوکرایەوە. گەرچی تەندروستیی باومگارتن بەردەوام پتر بەرەو خراپی دەئیشت، سەرەڕای ئەوە بەردەوام لە بەشی دووەمی "ئائستێتیکا"دا کاری دەکرد، کە ساڵی ١٧٥٨ بڵاوکرایەوە. ئەم نووسینە بەتەواونەکراوی مایەوە. باومگارتن ٢٧/٥/١٧٦٢ جیهانی بەجێهێشت. ئەو بە نازناوی "کەشفکاری ئێستێتیک" چووە نێو مێژووی فەلسەفەوە.

٢- باری سێنسێتی بەسەر هونەرەوە

ئایا هونەر چییە؟ ئەم پرسیارەکی فەلسەفییە کە باومگارتن دەیکات. پۆئێتیکەکان وەک ڕەبازی هەنینەوە خەیان بە ڕەساکانی هەنانەئارای کاری هونەرییەوە خەریک دەکرد، واتا داخە چەن هەنراوەکە (هەبەست، چیرۆک، ڕەمان، موزیک) چاک بێت. لە کاتێک باومگارتن دەپرسێت "هونەر چییە؟"، پرسیارەکەی ووودکاتە چییەتیی بوونەوەری هونەر، بەمەش ئەو ڕاستەوخۆ دەکەوێتە بەردەم کێشەی سێنسێتی، چونکە سێنسەکان (حەواسەکان) ڕەخنەکی کرۆکی لە هونەردا دەگرن. ئەمە بە سێنس دەچێژین، واتا، بە زمانی باومگارتن،

توانستی بەیاردانمان هەیە. گوێ لە چڕتندا بەیار بەسەر دەنگدا دەدات، ئەوە بە وەرگرتنی یان نەتکردنەوەی، کەواتە گوێ دەنگی ساز و نەساز، لەبار و بەد، لە یەکدی جیادەکاتەوە. هەروەها چاو وێنەیەک وەرناگرێت کە بە حساب هینی مرۆڤ، وەلێ پتر لە مەیمون دەچێت. یان لە هەبەستدا زرنگەی ساز پەوەرە بە کەشی بەیت: "گەر بگەی درۆز یان کورتی وشە بە چەشنەک تەکەبکرێن کە ئیدی حەزی گوێ چەبەڵت، ئەوسا بڕۆتنەکە خاوەنی کەشی بەیتە" (ئائەستێتیکا، پەرگرافی ۱۰۱). ئەم بەیاردانەی سێنسکان بناغەیە بە ڕاستێتی یان چەوتێتی لە هونەردا.

سەرەتا پرسیارێکی فەلسەفەیی لەم پەیوەندییەدا ئەوەیە، کە گەر بابەتێک لە چڕاوە، لە توانستی بەیاردانەوە، سەرهەڵبدات، ئایا ئەو بابەتە شایانی ئەوەیە کە فەلسەفە خەی پەوە خەریک بکات؟ ئاخر مەئریفەی فەلسەفەیی تەگەییە، کەواتە خاوەنی گشتێتییە و بە نموونە لە بەیارێکی لەگیکیی بەم چەشنەدا دەتە دەربەین: "مرۆڤ بمرە". سێنسەتی بە پێچەوانەوە تایبەتییە، یان دەرککردنە سێنسییەکان پابەند بە شتی تاکی نەو فەزاوە (ڕاومەوە) سەرهەڵدەدەن. ئەم هەقیقەتەی سێنسەتی لەکاتی پلاتۆنەوە بارێکی قورس بوو بەسەر هونەرەوە. ئاخر هونەر بە دیدی پلاتۆن لە هەژانی ناخەکییەوە دەتەگەڕێ و ئامانجیشی هەژاندنە. ئەمەش پەمەترسییە، چونکە هونەرمەند بە نموونە وێنەی کورسییەک دەسازێنێت کە دارتاش بە تەختە دروستی کردووە. وەلێ کاتێک دارتاش، پێش ئەنجامدانی ئەو کارە، لەنەو هەشی خەیدا لە ئیدەی (واتا لە وێنەی هەشکیی) کورسیی ڕوانیەوە و پاشان بە کارەسە (تەختە) لاسایی کردەتەوە، ئەوا هونەرمەند تەنیا بەو کورسییەی دارتاشەکە دەهەژێت و بە بەیە لاسایی دەکاتەوە، واتا ئەم ڕووناکاتە "ئیدە" سەرمەدیەکان، یان لەم پەیوەندییەی ئەرەدا ڕووناکاتە ئیدەی کورسی، بەکەو پابەندی شتەکانە کە بگەڕێ و تایبەتن بە لەناوچوون. کەواتە لەبەر ئەوەی هونەرمەندان بە دیدی پلاتۆن گرنگی بە "ئیدە" نادەن، ئەوجا بە کارەکانیان: بە وێنە و پەیکەرە جوانەکانیان، بە هەنینەوەی ناخەهژێنەر، لە هەموشیان ستەمتر بە تەمسیلکردن لەسەر شانۆ کە بەڕێیەوە دەمانهێننە پێکەنین یان دەمانخەنێ گریان، لە جیهانی ئیدە دوورمان دەخەنەوە. ئەم گومانە لە سێنسەتی بە درۆزایی مەژووی فەلسەفە بانادەست مایەوە.

باومگارتن سەرەتا ناچارە ئەم بارە بەسەر سێنسەتییەوە، واتا بەتوانایییەکی بە مەئریفە، لابەرێت، بە ئەم مەبەستەش مەنادەلگییەکی لایبنیتس وەردەگرێت و ئەوجا لەڕەوە گەان بە ئێستێتیک دەدات وەک لکێکی سەربەخۆی فەلسەفە، یان وەک تیەرییەکی

مەئریفە.

١-٢ مەنادەلگیی لایبنیتس

پێش لایبنیتس لە فەلسەفەی ئاسیەنالیستیدا (واتا هزرینی ئاوەزیانەی مەبەستەندا) کە دەکارت بناغەی هشت، سەنسەکان وەک نەگونجاو بە مەئریفە دادەنران، چونکە زۆر جار بەهۆی ماندا دەبڕن. چاو شتێکی هێش و دووری بزێک بە گەلک دادەنێت، کەچی کاتێک لەی نزیک دەکەوێتەوە دەبینێت کە ئەو مرۆڤکەی هێشپێش. بە پێچەوانەشەوە لە ئاسیەنالیزمدا گریمانە دەکرا کە ئاوەز بە دیاریکردنی گشتیەتیە هەردەم چواندووکان مەئریفەی ئاستینەی بوونی هەر شتێکمان پێبدات. سەنسەکان لەڕدا تەنیا ڕێی نەوەندیار وەردەگرن، ئەویش کاتێک بە دەرککردن پێشبینیی ناوون و نائاشکرا لە هەشی مرۆڤدا دەهێنن گۆێ، ئەوجا زەین کاریان تێدا دەکات و تاک تاک هوون و ئاشکرایان پێدەدات. لەم هۆشدا زەین و جیهانی ماتەری هیچ پەیوەندیەکیان بە یەکدیەوە نیە. بەم شێوەیە دەلاقەیەک لە نەوان هزر و سەنسەتیدا، لەڕشەوە: لە نەوان دەروون و لەشدا، ئاوەڵا دەبێت، چونکە لەش بە سەنسەکانیشەوە سەر بە جیهانی ماتەریە. لایبنیتس بە پێچەوانەی ئەم شێوەیی بنیاتنانی مەئریفەوە کە لە گشتیەتیەکانی ماتیکەوە دەردەچێت، گریمانەیەکی مەتافیزیکی دادەنێت تاکو هێ لە دوالیزمی هزر و سەنسەتی بگرێت، ئەوجا لەو گریمانەیەوە هزرینی خۆی ئاوەڵا دەکات.
لایبنیتس وەک دەرچەی هزرین گریمانەی گەوهەرەکی (زوبستانسەکی)، یان بوونەکی هەشەکیی سادەی نەشیاوی دابەشاندن و لەناوچوون دەکات، کە ئەتەمی جیهانی کردەکییە و ناوی دەنێت "مەناد" (بە گریکی: "مەناس"، واتا "یەکانە"). مەنادەکان یەکەم بنەڕەتن و گریمانەکردنیشیان لەم شێوەیەدا ئەو واتایە دەگەیەنێت کە چیدی ناشێت پرسیار سەبارەت بە هەکاری هاتنئارای ئەوان بکرێت، واتا ناشێت بە هزرین زنجیرەیەکی هەکار-ئەنجام تا بەدوایەکی ببرێت. مەنادەکان دەرچەن. لەڕدا گەرەکە ئاماژە بە ئەوە بدەین کە لایبنیتس لە شرۆڤەی جیهانی کردەکییەوە (فاکتییەوە) دەگات بەوە کە مەنادەکان وەک بنەڕەت بچەسپێنێت. ئاخر لەم جیهانەدا تەنیا ماتەری هەیە، لە ماتەری هەردەم "ئاوێتە"یە، واتا کشاوە، لەڕشەدا ئاشکرایە کە هەموو ئاوێتەیەک لە کەرتی "سادە"ی نەکشاو پێکدێت، واتا ئەگرێگاتێکە (کەمەیەکی پێکهاتووە) لەو ئەتەمە سادانە. کەواتە دەبێت بە ئاوەز گریمانەی ئەو مەنادانە وەک ئەتەمی جیهان بکەین (ئەتەمیزم).

بگومان مانەکان ئازەلی نین، بەڵکو یەکەم مانا (گوهەر)، واتا خودا، لە "هیچ"ەوە ئافراندوونی. خودا پێش کرداری ئافراندن چەند پێشبینییەکی جیاوازی سەبارەت بە جیهانەکی ئافرێنراو هەبوو، ئەوجا لەبەر ئەوەی خودا بەڵەهایی چاکە و تەنیا چاکەی دەوێت، ئەوا لەنەو پێشبینییەکانیدا بەیار بە چاکترینیان دەدات، واتا جیهانەکی بەڵکخراو و هارمۆنییانەی مانادی دەئافرێنێت، ئەوجا وەک بناغەی سازاندنی ئەم جیهانە چاکەی ئەمە دایدەنێت (کەواتە لە نەویدا هیچ جێیەک بە خراپە / شەیتان تەرخان نەکراوە).
بەڵکخراویی جیهانی کردەکی، پێکهاتەی کەتوارەکەمان، دگەڵتەوە بە بەڵکخراوی هارمۆنییانەی مانادەکان، چونکە ئەم جیهانە دەرهاویشتەی ئەوانە، بەو هەیشەوە کارایەکی بەڵکخراوی وەرگرتووە و سەرجەم هەوداناکانی نێوی یاسامەند و مەبەستمەندن. لەم هوانگەیەوە مانادەکان، وەک ئافرێنراو، ئافرێنەریی ئافرێنەریان لە خۆ گرتووە، واتا لاسایی بنەڕەتە ئافرێنەرییەکانی یەکەم مانا دەکەنەوە و بەمەش لە لایەنی خەیانەوە دەبن بە ئافرێنەر. هاوکات هەر مانادەک کرێکیانە ئەوە دەژێنێت کە بە هەمان شێوە هەر مانادەکی دی سەربەخۆ لە ئەو دەیژێنێت، هەر لەبەر ئەم هەیشە کە ئەوان پێکرا خەیان لە هارمۆنیدا دەبینێنەوە، بگومان بەبێ ئەوەی هیچ پێوەندییەک لە نەوانیاندا هەبێت. ئەمە خەمان دەتوانین لە جیهاندا ببینین کە هیچ شتێکی نەو سروشت لە یەکەکی دیکە ناچێت، ئەمەش بە ئەو هەقیقەتە دگەڵتەوە کە لەڕبوونی (وجودی) بە خۆ تایبەتی هەر مانادەک جیاوازە لە لەڕبوونی هەر یەکەکی دی، وەلە لە سەرئەنجامی نەوچالاکییەکیاندا، یان هینی کاریگەریی نەویکییاندا، بە ئەمە ئەوها دەنوێنێت کە هەروەک ئەوان پێوەندییان بە یەکدییەوە هەبێت، جا گەرچی لە بنەڕەتدا ئەوها نییە.
بەڵکخراوی جیهان هەروەها لەش و دەروونی مرۆڤیش لەخۆدەگرێت، بەپێ پێشبینییە سەنسیەکان و مەئریفەی ئاوەزمەندانەی مرۆڤ سەر بە هەمان بەڵکخراوی جیهانن (بە پێچەوانەی دیکارت کە وەک جودا لە یەک دایاندەنێت). گیانی بەردەوامی مانادەکان بنەڕەتی گیانی پسیکۆفیزیکییەکانی ئەمەن. لەڕەدا دەگەین بە تێگەی دەرککردن لای لایبنیتس کە ناوی دەنێت "پەرسەپسیۆن" و هاوکات لە "ئاپپەرسەپسیۆن" جیای دەکاتەوە.
پەرسەپسیۆن (دەرککردن) لای لایبنیتس "وروژان" نییە وەک سەرئەنجام، بەڵکو ناوەرۆکی یان وێنەی دەرککردنە. ئەمە بە سەنسکانمان دەرکی ئەو جیهانە دەکەین کە دەرهاویشتەی مانادەکانە. لایبنیتس لەڕەدا لە "دەرککردنی بچووک" دەدوێت، واتا لە شعورەکان کە هەستپێنەکراو لەنەو ئەمەدا دەنێ ئاراوە. شعورەکان پێشبینیی دیاریێنەکراون،

شەواون. لە ئاپۆرسەپسیەن ئاگایی لەبارەی ناوەرۆکەکانی دەرککردن. ئەمە لە ڕووشی ئەم ئاگاییەدا مۆرفیمی پەرچاوی ناوەرۆکەکی دەرککردنمان هەیە، کە مۆرفیمێکی پێکهاتەییە و بەو ڕێیەوە دەتوانراوە، کە ئەمە ناوەرۆکە دەرککراوەکە بە ئاگالێبوون و یادهێنانەوە دیاری دەکەین و پاشان دەبێت بە هینی خۆمان، چونکە لەنو پێوەندیی ئاگاییدا پێلانووماندە. کەواتە شعورکان پێش-پلەی دەرککردنی ئاگامەندن، کە ئەمە پاشان لە کارایی نوێکییاندا لێیان بوئاگادەین. بە دیدی لایبنیتس ڕووداوی جەستەیی و دەرووەنی جودا لە یەک لەگەڵ نین (وەک لای دێکارت)، بەڵکو هاوڕێون، ئەوان لە یەکدی سڕبەخۆن و هاوکات بەپاڵ یەکدیەوەن.
ئەمە بە ئاوەز لەبارەی بنەڕەتی مۆنادیانەی جیهان دەزانین، کەواتە توانستی مۆرفیفەمان هەیە، جا مۆرفیفەمان پێیوەند بێت بە کەشتگەیی و ماتماتیکییەکانەوە یان بە تەجروبەی زانستییەوە، وەلە ئەمە هەروەها دەرککردنی سەنسیمان هەیە کە ئەمیش مۆرفیفەیە، چونکە دەرککردنی ئەو جیهانەیە کە مۆنادییانە بنیاتنراوە، هەندە نەبێت کە ئەمە پێیوەند بە هەردووکیانەوە تەنیا پلەی جیای ڕوون و ئاشکرایمان لە مۆرفیفەدا هەیە. ئاخر ئاوەز و سەنسەکان مۆنادییانە بنیاتنراون. لەم ڕوانگەیەوە نێک تەنیا مۆرفیفەی ئاوەزمەندانەی کامیل مۆرفیفەی "ئاستینە"یە، بەڵکو هەروەها پێشبینییەکانی جیهانیش کە بە دەرککردنی سەنسیانەی جیهان چەدەبن، پێشبینیی "ئاستینە"ن، ئەوە سەرباری ناکامیلی و ناڕوشنی و شەواویان. ئاوەز کە پێدەزانێت، هەروەها سەنسەکان کە دەرکی شتەکانی نەو جیهانی کردەکی دەکەن، لەو "هارمەنیە"دا پێکەوەگرێدراون کە خودا لە سەرەتاوە چێسپاندوێتی. مۆنادەکان لاسایی یەکەم مۆنادەکانەوە و لەم ڕووتشدا بەچاکی گەردوون دەخوێنەوە. کەواتە پێشبینی لە پێیوەندییەکی سروشتیدایە لەتەک هەر ئەوکێیەکدا کە پێشبینی دەکرێت.

۲-۲ ئێستێتیکی باومگارتن

باومگارتن بە وەرگرتنی مێتافیزیکی لایبنیتس دەرفەتی بە دەستخست کە ببڕێت، چیدی پێویست نییە گومان لە توانستی سەنسەکان بە مۆرفیفە بکەین، هاوکات پێویستە زانستێکی مۆرفیفەی سەنسی گەلان پێبدرێت کە ناوی دەنێت "ئێستێتیک".
بگومان لە فەلسەفەدا جێخت لە یەک باڵاترین فەرمی مۆرفیفە دەکرێت کە "تێگەیی" و لە بەیارەکی (حوکمەکی) لۆگیکییانەی بەم چەشنەدا بەرجەستە دەبێت: "بازنە خولگەییە"، ئەم مۆرفیفەیش پابەندی زینە

و لەی جیانابێتەوە. بە پێچەوانەشەوە ئیستێتیک وەک تیۆرییەکی مەئریفە بەو بابەتانەوە خەریکە کە سەنسین (مەحسوسن) و بۆش شیاوی دەرککردنن. باومگارتن بە جیاکردنەوەی ئیستێتیک لە مەئریفەی تێگەیی، ناوی دەنێت تیۆریی مەئریفەی پلە نزم.
گەر سەنسێتی بگشتی وەک بێتوانا بە مەئریفە دابنرێت، ئەوا دەبێت ئەو سەنسێتییەش کە خەی بە هەشی جوان ئاوەڵا دەکات، ناو بنرێت مەئریفە. ئاخر "هەزرینی جوان"یش کە سپێنتان (عەقڵوییانە) دێتەگۆ، توانستکی بیارە (Urteilskraft) و تێیدا توانستی وێنا و ژیری، زاکیرە و شعور و هزر یەکدەگرن. هەموو بیاردانێک دوو لایەن لە خۆ دەگرێت: توانستکی سەنسی و توانستکی زیینی (ئینتەلەکتوەلی)؛ یەکەمیان چەژە، دووەمیان لەگیکە (ئەمە لە خوارەوە هووندەبێتەوە). ئەم دوو توخمە بە باومگارتن بناغەی ئیستێتیکن وەک تیۆریی مەئریفە.
ئەمە گرەکە لای باومگارتن ڕچاوی ئیستێتیکی ڕسکاوی ناخکی و بدیهێنراو بکەین. ڕوشکانی شۆڕی یەکەم بریتین لە: دەرککردن، ئەندێشە، بۆهرەی سروشتی، زاکیرە، بۆهرەی هەڵبەستقانی، بۆهرەی چەژی چاک؛ لە ئیستێتیکی بدیهێنراو (فەربوو) ڕاهێنانە بە توانستە ڕسکاوەکان. ئەمە لەڕدا هاوکات دەبینین کە لە ئیستێتیکی باومگارتندا جارە هەردوو لایەنی پڕدوکسیۆن (بەرهەمهێنان) و ڕسپێسیۆن (وەرگرتن) سەربەخۆ لە یەک دانەراون، بە واتایەکی دی، جوانێتی تەنیا پرسی هونەرمەند نییە، بەڵکو هینی وەرگریش و ئیستێتیکەکەی باومگارتن بەبە جیاکردنەوەیان پەوییان خەریکە.
بە تێگەیشتنی نزیکتر لە "هزرینی جوان" گرەکە بەوانین کە چۆن باومگارتن پێناسەی جوانێتی دەکات. ئەو لەڕدا دوو تەز دەچەسپێنێت: جوان ئەوەیە کە لای مرۆڤ سەرسوومان دەخاتەوە، لە هاوکات جوان ئەوەیە کە کامیلە. ئەمە لەڕدا مەتافیزیکی جوانێتیمان هەیە کە باومگارتن پابەند بە تیۆریی ئافراندنەوە (خولقاندنەوە) ئاوەڵای دەکات: چەژ بیاردانی ئیستێتیکییە بسەر "کامیلێتی"ی بابەتکەدا، بەیە پەیوستە مرۆڤ، کارێک بیار بسەر شتکدا وەک "جوان" دەدات، ئاگای لەوە بێت کە داخە بیارکە ڕاستەیان هەیە. گەر من بەڵێی سەنسکانمەوە (چاو، گوە) بیار بدەم، پەیوەندم بە چەژەوە، لە بە ئەوەی بیارکەم ئیستێتیکی بێت، نابێت بەپەلە بیار بدەم و لەڕشەوە دەرفێت بە هاتنئارای هەڵبخسنم. باومگارتن هەر لەم پەیوەندییەدا جەخت لە بنەڕەتکی دیکە دەکات: نابێت چەژەکە گەندە بێت. چۆن کرداری ئافراندن لای خودا هاوکات مەئریفە و کردارە، بە هەمان شێوە "هزرینی جوان"یش هاوکات مەئریفە و کردارە و جیهان ئیستێتیکییانە پشان دەدات.

پشاندانی ئەستێتیکییانەی جیهان لە توانستی بەیاربەسەردادانەوە سەرهەڵدەدات، کەواتە پشاندانەکە گشتێتیی هەیە، هەندێ نابێت کە لەڕێ ئاستێیەک هووشو شعور و هەست وەردەگرێت. لەم ڕوانگەیەوە گەڕەکە جیهان لە پشبینیکردنی خەیدا بگوڕی هەقیقەتەکەی دیاربدات، واتا لە کامیلێتییەکەیدا، لەم پێوەندییەشدا ڕەخستن و هارمانی بە هەمەجۆرێتیی جیاواز دەدرێت.
کەواتە بابەتەکان هەروا ئاسان دیاردەی پێتی و سەربەخۆ نین، بەڵکو لە دیاردانیاندا ئاماژە بە ئاوشتەدەن کە ئاوان بەییەوە دیاردەدەن – بە مانا. لەم ڕوانگەیەوە چەژ، یان بە زمانی باومگارتن: توانستی بەیاردان، تایبەتمەندیی هەرکەس نییە، بەڵکو هینی پسپۆڕ وەک تاکە دادوەری هونەر، واتا کەسێتییەک کە پڕوەردەیەکی (پرسیەکی فەربووونی) تایبەتیی هەیە: ئاو خاونی توانستەکی پگەییوی بەیاربەسەردادان و چەژکی پاڕوراوە، هەروەها چەژکی ناسک یان ورد، کە ئیدی کاتەک ئاو بەیار بەسەر جوانێتیدا دەدات، بەیاردانەکەی بەسەر هەر شعورەکدا نییە کە سەنسەکان هەناویانەتە ئاراوە، بەڵکو بەیار بەسەر هەست بە جوانێتیدا دەدات. لەم هەستەدا تەواوی بابەتەکە دەرکپەدەکرێت، ئاوجا کاتەک پسپۆر بەیاردەدات: "ئەمە جوانە"، لەڕەدا ئاو تەواوی بابەتە بەدیهێنراوەکە دەناسێت. بەیە ئەستێتیکی باومگارتن تایبەتە بە سەبژەکت: لە هەموو سەبژەکتەکدا جیهان وەنە دەدرێتەوە، یان: بابەتەکان کە تایبەتن بە بەیاری چەژ، سەرلەنوە لە مائریفەدا پشبینی دەکرێنەوە (وەنادەکرێنەوە)، جا گەرچی ئاوە بە شاوەی جیاواز: بەرهەمهێنرانە یان وەرگرانە.
چەژ ڕەچاوی کامیلێتیی جیهان وەک جیهانی جوان دیاردەر دەکات. لە جیهاندا شتەکان بەدووی یەکدا دێن تاکو شکڵی خودا دەربخەن. چەن تێلەگیی ئافراندن لە مائریفەی خودادا گەرەنتییەک بە سەیرورەی جیهان دەبینێت، بە هەمان شاوە باومگارتن لە توانستی بەیارداندا (چەژدا) بناغەی هەناەئارای کاری هونەری دەبینێت. پرسەی هەنینەوە هەمیشە ڕوونیی پتر و پتری گشتگیر (ئەکستەنزیف) دەخاتەوە، ئاوجا لە کەتاییدا پشانی دەدات کە ئەم جیهانە بەڕاستی (بگوڕی گریمانەکەی لایبنیتس) پەکهاتەیەکی هارمانیانەی باڵاترین کامیلێتیی شیاوە، واتا: چاکترینی سەرجەم جیهانە شیاوەکان. هونەر چاو بە کامیلێتیی جیهان دەکاتەوە.
بەم شاوەیە هونەر دەبێت بە لاسایی، چونکە باومگارتن ئافراندنی هونەری پابەند دەکات بە کرداری ئافراندنی خوداوە. هەردوو ئافرێنەر، خودا و هونەرمەند، ئاوجا ئافرێنراوەکانیان، لە پێوەندییەکی ڕەچەیدان: خودا، وەک گشتگیر و مازنترین، خەی لە

سەروەی مرۆڤەوە، کەواتە لە سەروەی هونەرمەندەوە دەبینەتەوە، بەیە جیهانی ئافرێنراوی خودا دەبەت بە پێشنمووندی ئافرانەنکانی هونەرمەند: ئەو لاسایی جیهان، سروشت، دەکاتەوە، بەگومان نەک ئەو سروشتە کە کردەکییانە، وەک دیاردەی فاکتی، لەگەڵیە، بەکو هونەر لاسایی پێشبینییەکی سروشتە لە کامیلەتی و هارمەنیدا، کەواتە هینی ئەو سروشتەیە کە بنەڕەتی سروشتی فاکتییە: "سروشت و هەبەستقان شتی هاوشێوە دەهێننە ئاراوە، هەر لەبەر ئەم هەیشە کە هەبەست لاسایی سروشتە" (پەرەگراف ١١٠).

هەبەستقان بە مەئریفەی ورد و هونەری، وردتر و زیاتر پێشبینیی ئەو سروشتە هارمەنییە دەکاتەوە کە خودا ئافراندوویەتی، بەیە باومگارتن پێناسەی هەبەست دەکات وەک "بژتنی کامیلی سەنسی"، بژتنیش تەنیا کاتێک کامیلە، گەر هاتوو توخمەکانی تەقەلا بدەن بە ئەوەی بە مەئریفەی پێشبینییە سەنسییەکان بگەن (پەرەگرافی ٧). جوانی، جا لە لایەن هەبەستقان، وەنەسازیان موزیکسازەوە بهزرێنرەت، سەرئەنجامی پێوەندییەکی هارمەنییە، هینی پێکەوەسازیی (کۆنسەنسوسی) پێشبینییەکان لەنێو یەکدیدا و هەروەها هینی دەستوژەکانیش کە بە گوزارشتکردنی ئەوان بەکاردەهێرن. گەرچی هونەرمەند ئازادییەکی تایبەتیی هەیە، سەرەڕای ئەوە ناچارە پابەندی یاساکان بەت تاکو بەیانەوە لە ڕاستیی مەتافیزیکی نزیکبکەوێتەوە.

لەرەدا هەوڵێر ئەدگارکی کرکیییانەی ئەستێتیکەکەی باومگارتن دەبینین: هەر شتێک ئەستێتیکییانە چاوت بەت، لە هونەردا جێی نابێتەوە. هەر شتێک سەنسەکان تووشی بکات و بەو هەیشەوە نەتوانن قبووڵی بکەن، چاوتە. سەری ئەسپ بە ملی مرۆڤ ناگونجێت – ئەستێتیکی باومگارتن قبووڵی ناکات. هەر لەم ڕوانگەیەوە هەبەستقانێک ناتوانێت ببژێت: "سەرمای زستان ناخم گەرم دادەنێت چونکە هینی نیشتمانەکەمە". ئاخر لەرەدا کارایییکی پێکهێنەری سەنس و لەگیک (شعور و زەین) لەگەڵیا نییە. هونەر نابەت لە بنەڕەتی جوانێتی و چاکە و ڕاستێتی دووربکەوێتەوە، بە شێوەیەکی دی ببژین، هونەر دەبەت خەی بەدوور بگرێت لە ناکامیلەتی ی مەئریفەی سەنسی کە بە باومگارتن واتای ناشرینی دەگەیەنێت.

لە بنەڕەتەدا ئەوە ڕۆمانتیکییەکان بوون کە دوای باومگارتن ناشرینیان هەنایە نێو ئەستێتیکەوە. بە نموونە فریدریش شلێگل لەدژی تێوانینی "چاکە، ڕاستێتی و جوانێتی" لای باومگارتن دەبژێت، گەر ئەرکی هونەر ئەوە بەت کە "نەزرەی هەها" بگەیەنێت، ئەوا ناشێت کایەی هونەر تەنیا جوانی بەت، چونکە هەهایەتی (ئەلموتەق) پڕژە پێچەوانەکەش لە خۆ دەگرێت، واتا: خراپە،

نالەباری، ناکامیلەتی، وەرانەیی، بەکورتی: ناشرینی. بەگومان گرنگە لەرەدا ئاماژە بە ئەوە بدەین کە باومگارتن لاریی لە هزراندنی یان داشتنی ناشرینی نییە گەر هاتوو بە جوانی ڕووبدات، وەلە بە دیدی ئەو هزراندنی ناشرینی بەناشرینی لە دڕاوەی هونەر، ئاخر، وەک پێشتر پێشانمان دا، ناکامیلەتیی مەئریفەی سەنسی بە ئەو واتای ناشرینی دەگەیەنێت، ئەمەش بەندە بە مەتافیزیکی جوانتییەوە لای ئەو.

بە هەر حاڵ، هەوڵەکەی باومگارتن بە دانانی هونەر لەنێو چوارچێوەی تیۆرییەکی مەئریفەی سەنسیدا کاریگەریی لەسەر سیستەمە ئیستێتیکییەکانی سەدەم هەژدەیەم نواند. ئەو بوو بە پاڵەهەنگی هەڵسەنگاندنی مرۆڤ لە هەڵسەنگاندا دەبویست بە داشتنی جوانێتی لە زانستدا و بە بەرجەستەکردنی لە هونەردا، "توانستە" لەیەک جوداکانی ئاوەز و سەنسێتی یەکبخات، تاکو بەو هێیوەی کاریگەری لەسەر مرۆڤ بنەماتە بە ئەوەی ببێت بە ئیستێتیکی. هەروەها ئیستێتیکی باومگارتن لە ئیدیالیزمی ئەڵمانیدا بوو بە بنەماتەک بە کارکردنی هەر یەک لە کانت و شێلینگ و هێگل: ئەمان، بەگوێرەی مێتەدی هزرینی خۆیان، خۆ گرێداو بە باومگارتنەوە پرسەکانی ئیستێتیکیان بە دیارهێنانی جیاوازی تایبەت پتر ئاوەڵا کرد. بە نموونە کانت بەهێزەوە باومگارتنی ناو نا "شارەزایەکی بلیمەت لەنێو مەتافیزیکیەکاندا"، لە ئەو مەتافیزیکی جوانێتیی هەڵتکردەوە. بە دیدی کانت جوانێتی هیچ بایەخێکی مەتافیزیکیی نییە و تەنیا بەندە بە خودی سەبژێکتەوە. بابەتی بەیاری ئیستێتیکی (واتا بەیاری چێژ) بریتییە لە هەست، هەستیش لە لایەنی خۆیەوە کاریگەری لەسەر هاتنئارای مەبەستی سەبژێکتیڤی دەنوێنێت، کە هاستوخۆ (واتا بەبێ تێگەیشتن) پەیوەندی شعوری پێدەکرێت. جوانێتی مەئریفەمان پێناگەیەنێت، چونکە جوانێتی بەرهەمی گەمەی ئازادی هێزەکانی مەئریفەیە، واتا هیچی توانستی وەناکردن و زەین. ئاخر گەر تێگەیشتن نەبێت، مەئریفەش نابێت.

سەرچاوەکان:

بە کوردی:

ئانەماری گێتمان زیفەرت: هەبەریەک بە ئیستێتیک. لە ئەڵمانییەوە: کاوە جەلال. چاپی دووەم. کوردەاوم ٢٠٢٢.

بە ئەڵمانی:

Baumgarten, Alexander Gottlieb: Ästhetik. Hamburg 2007.

Hauskeller, Michael: Alexander Gottlieb Baumgarten. In: Klassiker der Kunstphilosophie, hg. Stefan Majetschak, München,2005.
Leibniz, Gottfried Wilhelm: Monadologie. Stuttgart 1994.
Ursula Franke, Baumgartens Erfindung der Ästhetik, Münster 2018
Metzler Philosophen Lexikon. Spektrum.de

وەفیق سامەڵائی وەك تاوانباری جینۆساید مرد.. عەلی مەحموود محەمەد

وەفیق عەجیل حەمود سامەڵائی 1-7-1947-30-8-2022, سوپا سالاری خانەنشین و جێگیری بەڕێوەبەری هەواڵگری عێراقی و تێمەتباری ژمارە یەکی لیستی داواکراوانی ئەنفال لە کۆی 423 کەسی داواکراوو, سێشەمە 30-8-2022 لە لەندەن بە نەخۆشی شێر پەنجە مرد.

بۆ دڕۆژەی بابەت کلیکی ئێرە بکەن..

AliMahmud_WafiqDownload

پاشخان و هۆکارەکانی قۆناغی حکومەت لە عێراق.. وەرگێڕانی بۆ کوردی: کاوە عومەر

چاوپێکەوتنی خەلیل کەیوان لەگەڵ حەمید تەقوایی

لەسەر بنەمای چاوپێکەوتنێک لەگەڵ کەناڵ جدید ئامادەکراوەتەوە

خەلیل کێوان: پێکهێنانی هەزی ئایینی لە عێراق گەیشتە قۆناغێکی مەترسیدار. بزووتنەوەکە بە سەرکردایەتی موقتەدا سەدر کە لە هەڵبژاردنی ساڵی پێشوودا بە ٧٣ کورسی لە کۆی ٣٢٩ کورسی بردەوە، زۆرینەی پێویستی بە پێکهێنانی حکومەت بەدەست نەهێنا و دەستی لە پەرلەمان کشایەوە. هاوپەیمانی هەزەکانی لایەنگری کەماری ئیسلامی نێیتوانی حکومەت پێکبهێنێت. نزیکەی ساڵێکە عێراق حکومەتی نیە. لە هەنگاوێکی نوێدا، رۆژی دووشەممە ٧ی ئەیلوول، موقتەدا سەدر لە پەیامێکدا رایگەیاند، کە بە هەمیشە لە سیاسەت دەکشێتەوە، بەمەش گۆپی سوزی بە لایەنگرانی هەڵکرد بە هێرشکردنە سەر ناوچەی سوزی بەغدا، کە پەرلەمان و کۆشکی سەرکایەتی لێیە. جگە لە بەغدا، لایەنگرانی موقتەدا سەدر هێرشیان کردۆتە سەر نوسینگەکانی کۆتایب ئەهلی حەق و حزبوڵا لە شارەکانی زیقار و بابل و دیوانیە و بەسرە و ئاگریان تێبەردراون. لە میانی تێقکردن لە لایەنگرانی سەدر لە هەژانی دووشەممە و سێشەممە، زیاتر لە ٢٥ کەس کوژران و زیاتر لە ٣٠٠ کەسیش بریندار بوون. لە بەرنامەی ئەمەدا باس لە ریشە و هۆکارەکانی بارودۆخی ئێستای عێراق و ئاسۆ و چارەسەرەکانی کۆتاییهاتنی بۆقەیرانی عێراق دەکەین.
حەمید تێقوایی عێراق لە لەواری شێی ناوخۆدایە. هۆزە شیعەکانی سەر بە سەدر و هۆزە شیعەکانی سەر بە کەماری ئیسلامی هەوبەووی یەکتر بونەتەوە. هۆکاری ئەم قەیرانە لەچیدا دەبینیت؟
حەمید تێقوایی: لە ئاستێکی بنەڕەتیدا هۆکاری ئەم قەیرانە حکومەتی نەتەوەیی-ئایینییە کە دوای هێرشی ئەمریکا بە سەر عێراق دەسەپاتیان بە دەستەوە گرتوە. حکومەتی عێراق لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەپاتە، لەسەر بنەمای نەتەوە و ئایین لە نێوان سێ هۆزدا سەرکایەتی کەمار و سەرۆک وەزیران و سەرکی پەرلەمان. ئەمانە بەپێز لە هۆزەکانی کورد و شیعە و سوننە هەڵدەبژێردرێن و تا ئەمەش ئەم دابەشکردنی دەسەپاتە لە هەموو ئەو حکومەتانەدا بەدی کراوە کە دوای ڕووخانی سەدام هاتونەتە سەرکار. عێراق یەکێکە لەو وڵاتە کەمانەی جیهان کە حکومەتەکەی (پەرلەمان و سەرکایەتی کەمار و سەرۆک وەزیران) بە فەرمی و زەر بە ڕوونی لەسەر بنەمای دەنگی خەڵک و پرەنسیپی یەک کەس، یەک دەنگ نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای هاوسەنگی هۆز لەنێوان نەتەوە و ئایینەکاندا لەسەریەک دانراوە.. ئەوەشی بە زیاد بکەی کە گەندەڵی و تاوان و هەموو ئەو ئازارانەی کە ئەم حکومەتانە لەعێراقدا هۆکاری بوون. لەم نوێندەدا کاریگەری و دەستێوەردانی کەماری ئیسلامی و هۆزە

بەکرێگیراوە چەکدارەکانیشی ئەو فاکتەرەیە کە ئەم دۆخە هێشتا خراپتر دەکات.

کەمێک ئەم هەلومەرجانە دۆخێکی لە عێراقدا خوڵقاندووە کە بە بەوای من بنەمای قەیرانی حکومەتە لەو وڵاتەدا. خێکی عێراق ماوەیەکی زۆرە کە ئەم دۆخیان ناوێت. خەڵک بە هەمووی هایانگەیاند کە پێویستە ئەو هەڵبژاردنە ئایینی-نەتەوەیانە لە دەسەڵات دوورخرێنەوە لەو هاپەیمانە جەماوەرییەدا کە بە شێوەی ئۆکتۆبەر یان تشرین ناسرا و لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ەوە چەند مانگێک بەردەوام بوو. ئەوەی کە ئەمڕۆ دەبینین کە گرووپە ئایینییەکان تەنانەت لە سوپاکەی هەزە شیعەکانیشدا گیانیان لەدەستداوە، کە هەزەکانی موقتەدا سەدر لە بەرامبەر هەزەکانی سەر بە کەماری ئیسلامی هێزیان گرتووە، لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خەڵک دەیکات هەموو ئەمانیان ناوێت وڵە دژی هەموویان هاتوونەتە سەر شەقامەکان.

هەزەکی چارەنووسساز لە کۆشوهەوای سیاسی عێراقدا، دەسەڵاتی شەقام و ناڕەزایی، کە بە یەکەمجار چەند ساڵێك پێش شۆڕشی تشرین سەری هەڵدا، لە هاوینی ٢٠١٥ و لە ساڵانی دواتردا، لە شارە جیاجیاکاندا، لە بنەڕەتدا ناڕەزایی دژبەین بەرامبەر بە گەندەڵی لە لایەنە حکومییەکان و دروشمی "نە شیعە و نە سوننە" "حکومەتی مەدەنی" بەردەوام بوو. لەم دۆخەدا موقتەدا سەدر کە بۆشکە لە حکومەت، بە سواری شۆڕشی ناڕەزایی خەڵک هەوە دەدات فراکسیۆنی رکابەر لە مەیدان دژبکات. بە بەوای من ئەو ململانێیەی ئێستا کە وایکردووە حیزب و فراکسیۆنەکانی حکومەت لە دوای هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردوو تەنانەت نەتوانن حکومەت پێکبهێنن، لە بنەڕەتدا دژئەنجامی ناڕەزایەتی بەردەوامی خەڵکە لە دژی تەواوی سیستەمەکە وحکومەتی ئایینی-نەتەوەی دەسەڵاتدارە.

خەلیل کێوان: موقتەدا سەدر خێی ڕەخنەکی سەرەکی هەبووە لە قەیرانی ئەم دواییەی حکومەتدا. داواشی لە لایەنگرانی کرد لە پەرلەمان دژبچن و داوای هەڵبژاردنی نوێی کرد. لەسەر چی شێوە دەکەن؟ ئایا پێوەندی بە خواستنی پشکی دەسەڵاتەوە هەیە یان بابەتی دیکەی تێدایە؟

حەمید تەقەوایی: ئەمە کێشمەکێشەکە بە بەدەستهێنانی بەش لە دەسەڵاتدا. لەسەر بنەمای ناکۆکی لەسەر پێگەی باڵای دەسەڵات، بەیە پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە موقتەدا سەدر یەکێک بووە لە هەزە شیعەکان کە بەتەواوی سەر بە کەماری ئیسلامی بووە. لەگەڵ بەرفراوان بوونی نفوزی کەماری ئیسلامی لە عێراقدا هاتە مەیدان و جێگەیەکی لە سیاسەتدا دەزیەوە. موقتەدا سەدر لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا سەرەتا لە بەرامبەر خەڵکدا وەستا و تەنانەت

هێزە چەکدارەکانیشی لە سەرکوتکردنی خەڵکدا پەیوەندییان بە هێزەکانی حکومەت و میلیشیاکانی سەر بە کۆماری ئیسلامیەوە کرد. لە درێژەی هەمە تەجە ماوە رییە کاندا، لێکۆتاییدا هێدی هێدی زانی کە چیتر بە رژە وەندی ئە وڵێ نیزیکبوونەوە لە کۆماری ئیسلامیدا نییە و هەوڵی دا خۆی لە کۆماری ئیسلامی جیا بکاتەوە .
داواکارییەکی جەماوەری خەڵک بریتی بوو لە بینی دەستی کۆماری ئیسلامی لە بارودۆخی سیاسیی عێراق، کە بە دروشمی "بغداد حرە حرە، ئێران، برە برە" (بەغدا، ئازادە، ئازادە؛ ئێران بە دەرەوە، بە دەرەوە) هاواریان دەکرد).
ئەم دۆخە وایکرد موقتەدا سەدر لەوە تێبگات کە بە شوێنکەوتنی کۆماری ئیسلامی ناگاتە هیچ شوێنێک و نابێت گرەو لەسەر ئاسپێکی دۆاو بکات. بۆ جارە حسابانە ووبەووی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بووەوە و ئەمەش وایکرد لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەدا زەرترین کورسی بەدەست بهێنێت.
مانۆڕکانی ئەم دواییەی موقتەدا سەدر و لایەنگرانی لە داگیرکردنی پەرلەمان و دواتر جەهەشتنی پەرلەمان و پێشنیارکردنی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و نوێکردنەوەی هەڵبژاردن و هتد، لەسەر ئەم سەرکەوتنەی لە هەڵبژاردنەکانداەزراوە. کۆماری ئیسلامی کە لە هەڵبژاردنەکانی سالی ابردووەدا دۆاوە، لە کەمپەینگای عێراقدا هێندە بوتە شوێنی نەفرەتی خەڵکی عێراق کە موقتەدا سەدر پێی وایە بە جیاکردنەوەی ئەکاونتەکەی لە فراکسیۆنەکانی لایەنگری کۆماری ئیسلامی دەتوانێت خەڵکی باەدەست و چارەنووسساز لە دیاریکردنی حکومەتی عێراقدا بگۆڕێت. بۆیە وەک ئاماژەم پێدا، ئەزموونی ناخۆزایەتییە جەماوەرییەکانی چەند سالی ابردوو، لە هاوینی ۲۰۱۵ تا ئەمڕۆ، نیشانی دەدات کە هیچ کام لە لایەنە دەسەاتدارەکان ناتوانن قۆیرانی حکومەت لە عێراق چارەسەر بکەن.
خەلیل کیوان: باست لەوە کرد کە سەدر لە ئاستیدا بەکردوە لە دامێنی کۆماری ئیسلامیەوە پێی گرتوە و لەلایەن ئەوەوە بەرەو پشتەوەی شانە اکشرا. ئەم هەوتە لە دوو دۆیی ابردووەدا لە حکومەتی عێراقدا بووە و هەر بۆیە بشکە لە کشەی خەڵکی ئەو وەاتە. خەڵک لە شەشی بەناوبراو بە تشرین (ئۆکتۆبەر)دا هەرشیان کردە سەر نووسینگەکانی هێزەکانی سەدر و ئاگریان تێبەردا. ئایا سەدر لە ژێر کاریگەری شەشی ئۆکتۆبەردا خۆی لە کۆماری ئیسلامی دوور خستەتەوە، یان لەسەر بنەمایپرەنسیبێک کە خۆی هەیەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ناگاتە هەکەکەوتن؟ ئایا جیاوازی راستەقینە لە نێوان سەدر و کۆماری ئیسلامیدا نییە؟
حەمید تەقوایی: جیاوازییان لەسەر نفوز و دەسەاتی ئەوانە لە

عێراقدا. من پەموانیە بنەما سیاسیەکان یان بەرنامەی سیاسی و پرەنسیبە سیاسیەکان بە هیچ کام لەمانە گرنگ بن. کەماری ئیسلامی دیموکراتیت کاریگەری خۆی لە عێراق جێگیر بکات و سەرۆك کەمار دابنێت و سەرۆك وەزیران دابنێت و لە پەرلەمان کاریگەری زیاتری هەبێت و موقتەدا سەدریش دیموکراتیت دەسەلاتی خۆی لە دژی کەماری ئیسلامی فراوان بکات. بەڵام وەك لە سەرەوە ئاماژەم پێکرد، ئەوەی لە عێراقدا یەکلاکەرەوەیە پێوەندیەکانی نێوان هێزەکانی حکومەت نیین، بەڵکو دەسەلاتی ناڕەزایی جەماوەری خەڵکە. لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٥ و هەڵبژاردنەکانی دواتر و بە تایبەت لە شەشی ئۆکتۆبەردا خەڵک هاوارگەیاند کە پێویستە گروپە ئایینییەکانی سوننە و شیعە واز لە حکومەت بهێنن. دروشمی ئەوان بریتی بوو لە "نە سوننە، نە شیعە، حکومەتی مەدەنی". خەڵک هاوارگەیاند کە پێویستە هەموو لایەن و هێزە سیاسیەکانی دەسەلاتدار لە عێراق بڕۆن. هاوارگەیاند کە هەموو ئەو هێزانە گەندەڵن، هەموویان تاوانبارن، و دژی هەموویان بە هێزەکانی موقتەدا سەدر و هێزەکانی کەماری ئیسلامی و هەموو فراکسیۆنە شیعەکان و سوننەکان و کوردیەکان و هتد، کە لە پەرلەمان، لە سەرکایەتی کەمار، و لە حکومەت، و سەرۆك وەزیرانکەوە ئامادە بوون، هەستان و ئاگریان لە نووسینگەکانی ئەو هێزانە و کونسوڵخانەی کەماری ئیسلامی و بارەگاکانی هێزەکانی موقتەدا سەدر لە شارە جیاوازەکان بەردا . ئەم بزووتنەوەیە بە چەندین مانگ لە عێراقدا بە بەهێزیەوە بەردەوام بوو.
ئەم دۆخە وایکرد موقتەدا سەدر لەوە تێبگات کە چیتر ناتوانێت لە پاڵ کەماری ئیسلامی بوەستێت. داواکاریەکی گرنگی خەڵک، لە پاڵ دروشمی "نە حکومەتی مەدەنی نە سوننە و نە شیعە"، دەرکردنی هێزەکانی کەماری ئیسلامی بوو لە عێراق. کەماری ئیسلامی ڕێی راستەوخۆی لە سەرکوتی خەڵکدا گەیا و لەگەڵ حکوومەتی مالیکی لەگەڵ هێزە نیزامیەکان و نیمچە سەربازیەکانی وەك حەشدی شەعبی و کەتائیبی حزبوڵادا دەستیان بە سەکوتی لە خەڵکی دەبرد. داخوازی خەڵک بە دەرکردنی کەماری ئیسلامی لە عێراق لە راستیدا ناڕەزایەتیەکی راستەوخۆ بوو لە دژی هێزە سەرکوتکەرەکانی حکوومەتی دەسەلاتدار لە عێراق. موقتەدا سەدر کە خۆی لە سەرکوتکردنی خەڵکدا بەشدار بوو، وردە وردە دانی بەوەدانا کە چیتر ناتوانێت پێوەندی بە کەماری ئیسلامیەوە هەبێت. بەیە هەڵوەستی خۆی گەڵی و داوای کشانەوەی "هێزە بیانیەکان"ی لە عێراق کرد و هاوبەشووی هێزەکانی سەر بە کەماری ئیسلامی بووەوە. تەنانەت ئیدیعای کرد کە هاوبەشووی گەندەڵیەکانی حکومەتدا دەبێتەوە، کە خۆی بەشێک بوو لێی! و بەم شێوەیە پێگەیەکی کاریگەرتر و باڵاتری بە

بەراورد لەگەڵ هێزەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی دەزیەوە.
هەروەها پێویستە بگوترێ کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا بارودۆخی ناوچەکە بە شێوەیەک بوو کە کۆماری ئیسلامی بەرەبەردە کاریگەری خۆی لەدەستدا و پێگەیەکی لاوازتری دەزیەوە. لەڕاشدا بزووتنەوەی خەڵکی عێراق ڕووی گرنگی هەبوو. ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانی خەڵک لە دژی هێزەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی و داخوازی ڕاشکاوانە بە دەرکردنی کۆماری ئیسلامی لە عێراق گورزێکی گرینگی لە کاریگەریی کۆماری ئیسلامیی لە عێراق و ناوچەکە دا. موقتەدا سەدر لەم لەدانەدا کشایەوە و ویستی سواری ئەم شەپۆلە ناڕەزایەتی خەڵک بێت و خۆی دووپات بکاتەوە. پەیوەندییەکانی نێوان هێزەکانی حکومەت لە عێراق بە هۆی ئەو بارودۆخانەوە دروست دەبووە.
خەلیل کێوان: دوای ئەوەی موقتەدا سەدر داوای لە لایەنگرانی کرد ناوچەی سوز بجێبهێڵن، بەرهەم ساڵح و کازمی ستایشیان کرد و ڕایانگەیاند کە کەسێکی بەرپرسیارە و باسی پێویستی ئەنجامدانی هەڵبژاردنیان کرد، کە ئەمەش یەکێکە لە خواستەکانی موقتەدا سەدرە. پێت وایە سازشێک هەبووە؟
حەمید تەقوایی: چەند ڕۆژێك لەمەوبەر موقتەدا سەدر ڕایگەیاند، لە سیاسەت دەکشێتەوە و نوسینگەکانی دادەخات. بەڵام دوای ڕاگەیاندنی دەستەکارکەشانەوەکەی، وەک لە سەرەتادا ئاماژەت پێکرد، لایەنگرانی هەرشیان کرد سەر ناوچەی سوز و کەشکی سەرێک کۆمار و ناوەندەکانی هێزەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی لە شارە جەربەجەرەکان و نائارامی لە عێراق چڕتر بووەوە.
لایەکی دیکەوە موقتەدا سەدر سوورە لەسەر هەوەشاندنەوەی پەرلەمان و نوێکردنەوەی هەڵبژاردنەکان بەو هیوایەی لە هەڵبژاردنی داهاتوودا زۆرینەی بەرزتر بەدەست بهێنێت. ئێستا دوای ڕاگەیاندنی دەستەکارکەشانەوەی سەدر، فراکسیۆنی بەرامبەر بە خشیەوە ئەم داوایەی نیشانداوە و باس لە ئۆگری نوێکردنەوەی هەڵبژاردن دەکات.
موقتەدا سەدر هێروەها دەیەت حەشدی شەعبی کە تا دوێنێ هێزەکانی لەگەیدا شەیان دەکرد، بە هێزەکی گەل دەزانێت و تەنیا کەشێ لەگەڵ فەرماندەکانیان هەیە! وا دیارە سازانێک کراوە، واتە هەمووان ئازین لەسەر نوێکردنەوەی هەڵبژاردنەکان و لە بەرامبەردا موقتەدا سەدر هێزەکانی خۆی ئادگرێت و لە شۆقامەکان کێاندەکاتەوە.
هێروەها پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەمە یەکەمجار نییە موقتەدا سەدر بانگەشەی کشانەوە لە سیاسەت دەکات. لە ٩ ساڵی ڕابردوودا حەوت جار لە دەخێکی هاوشێوەدا ڕایگەیاندووە کە مەیدانی سیاسەت جێدەهێڵێت! ئەمە لە ڕاستیدا مانەوەکی سیاسییە و دەتوانرێت

بە "بەردەوامی سیاسەت بە شەوازی دیکە" ناوببرێت.
لە هەر حاڵەتێکدا وا دیارە موقتەدا سەدر توانیبێتی کابرەکانی ناچار بکات کە داوا سەرکیەکەی ئەو قبوڵ بکات کە بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و نوێکردنەوەی هەڵبژاردنەکان. بەڵام ئەگەر هەڵبژاردنیش نوێ بکرێتەوە، پرسی قەیرانی حکومەت لە عێراق چارەسەر نابێت. وەک لە سەرەوە ڕوونم کردەوە، کەمەڵگای عێراقی دەسەڵاتی هێزە نێتەوەیی و ئایینییەکان قبوڵ ناکات و ئەم جارە مانەو و گەمە سیاسییە لەنێوان نوخبەکاندا بەشوێنەک ناگات. خەڵک دیانەوێت حیزب و گروپە شیعەکان و سوننەکان، هێزە ناسیۆنالیستە جەراوجێرەکانی کورد و بەکرێگیراوە چەکدارەکانی سەربە کەماری ئیسلامی کە هەمووییان بوونەتە هەی گەندەڵی و تاوان لە عێراقدا، لە حکومەت و کەمەڵگای عێراق دوور بخرێنەوە. تا ئەم داوایەی خەڵک جێبەجێ نەکرێت، قەیرانی حکومەت لە عێراق بەردەوام دەبێت.
خەلیل کێوان: کاتێک سەیری دیمەنی سیاسیی عێراق دەکەیت، ئەوە هێزە ئاینییەکانن، بەتایبەتی هێزە شیعەکان، یاریی چی مەیدانەکەن. بەزووتنەوەی شەشەی ئۆکتۆبەر سێ ساڵ لەمەوبەر بە داخوازییەکانی وەک دەرکردنی کەماری ئیسلامی لە عێراق، دامەزراندنی حکوومەتێکی مەدەنی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، هەروەها بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی، کاریگەریی لەسەر گەڕەپانی سیاسیی عێراق دانا. ئیستا دەخی ئەم زبوتنەوەیە چییە کە لە کاتی بەاوبوونەوەی کەرەنادا دابەزینی بەخێوە بینی؟ لە هەڵبژاردنەکانی ئابردوودا نزیکەی لە سەدا ٦٠ی خەڵک کە هێزی شەشی ئۆکتۆبەرن، بەشداریییان نەکردووە. ئەم هێزە چۆن دەتە مەیدان و چ ڕەگەکی هەیە لە ئایندەی عێراقدا؟
حەمید تەقوایی: هەروەك وتت بزووتنەوەی جەماوەری ناسراو بە شەشی ئۆکتۆبەر کەمی کردووە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە لە گەڕەپانی سیاسی عێراق دوور خراوەتەوە، یان تەنانەت کاریگەری ناڕەزایی خەڵك لەسەر هەڵومەرجی سیاسی ئەو وەاتە لاواز بووە. لە عێراقدا خواست و مەیلی قووڵی کەمەڵگا بەرانبەر بە تەواوی سیستەمی دەسەڵاتدار فاکتەرێکی سیاسی گرنگە. لەماوەی ئەو بزووتنەوەیە جەماوەرییەدا کە لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ دەستی پێکرد و چەند مانگێکی خایاند، ئەو خەڵکەی کە چەندین جار هاتنە سەر شەقامەکان و دروشمیان دژ بە هەموو پارت و فراکسیۆنە دەسەڵاتدارەکان بە کورد و سوننە و شیعەکانەوە دەدا، هاواریان دەکرد "نە شیعە، نە حکومەتی مەدەنی". ، ڕایانگەیاندووە کە کەماری ئیسلامی هاوبەشی حکوومەتی عێراقە لە سەرکوتکردن و کوشتنی خەڵک و هاواریان کردووە کە "دەبێت کەماری ئیسلامی دەربکرێت"، هێشتا ڕەگەکی کاریگەریان لە هەلومەرجی

سیاسی ئەو وڵاتەدا هەیە. ئەمە ئەم بزووتنەوەیە لە شەقامەدا نییە، بەکو وەك فاکتەر و هێزێکی سیاسی گرنگ، کاریگەرییەکانی لە کەمەگای عێراقدا دیارە. دکرێ بە دنیاییەو بڵێین بە ئاپۆینی ئەکتەبەر قیرانی حکوومەت لە عێراق بەم شێوەیە نەووی نەدەدا. ئەگەر ئەو ناڕازایەتیە جماوەریانە نەبوایە کە تەواوی سیستەمی دەسەڵاتداری هەژاند، حیزب و فراکسیۆنە نەتەوەیی و ئایینییەکان کشێکی ئەوتۆیان لە حکومەتدا نەدەبوو. دەست بە دەست نانیان دەخوارد و چاپیان دەکرد و فەرمانڕەوایان دەکرد. ئەو ناڕازایەتییە جماوەرییەکان بوو کە ئەم هێزانەیان بەو شێوەیە بەردایە گیانی یەکتر و پرسەی هەڵبژاردنی حکومەت و سەرۆك وەزیرانی هێنایە وەستان و ئاگری ململانێ و شڕەی دەسەڵاتی نێوان ئەو هێزانەی کە تا دوێنێ یەکگرتو و پێکەوە بوون، خۆشکرد. قیرانی حکومەت لە عێراقدا ڕەگ و ڕیشەی لە پەیوەندی نێوان حکومەت و کەمەگادا هەیە، نەك پەیوەندی نێوان حکومەتەکانی نێوان گروپە جیاوازەکان. ئەمەی دووەمیان بەهۆی ڕووبەووبوونەوەی کەمەگا لەگەڵ تەواوی حکومەتەوە دروست دەبێت.
لەم نووسینەدا، لەو کاتەوەی خەڵك لە دژی کەماری ئیسلامی ئاپۆیو، پەگەی هێزە یەکگرتووەکانی لاواز بووە. یەکێك لە دەرئەنجامەکانی ئەمە ئەوە بوو کە هاوپەیمانی لایەنگرانی کەماری ئیسلامی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ئابردوودا تەنیا ١٤ کورسی بەدەستهێنا و هێزەکانی لایەنگری موقتەدا سەدریش ٧٣ کورسییان بەدەستهێنا. ئەم دۆخە سووتەمەنی ئەم وەهمەی لە چاوی موقتەدا سەدر و لایەنگرانی داوە کە شەقام هی ئەوانە، وەك ئەوەی جماوەری خەڵك لایەنگری ئەوان بن و هەر بڕیش دەتوانن لەم گەمەی خەباتی دەسەڵاتەدا سەربکەون. لە کاتێکدا کەمەگا ئایگیاندووە کە پشتیوانی هەموو هێزە ئایینییەکان چ شیعە و چ سوننە لە دەسەڵات دوورخرێنەوە.
بۆچی من ئەو هەڵسەنگاندنەی کە موقتەدا سەدر ئێستا کۆنترۆڵی کەمەگای هەیە و بە ئاسانی دەتوانێت دۆخەکە هەور بکاتەوە هەڵدەیە. تەنانەت ئەگەر خواستی ئەو بە نوێکردنەوەی هەڵبژاردن جێبەجێ بکرێت و سەرۆك وەزیران لە نێو لایەنگرانی خۆی دەستنیشان بکرێت، قیرانی حوکمانی لە عێراق کۆتایی نایەت. لە سەردەمی شۆشی تشرین یەکەك لە ئامانجەکانی هەرشەکانی خەڵك نوسینگەکانی هێزەکانی سەر بە موقتەدا سەدر بوون و ئەمەش موقتەدا سەدر دەبێتە ئامانجی ڕاستەوخۆی خەڵکی ناڕازی کاتێك ئاپۆزسیۆن جەدەهەت و دەستی باڵای لە حکومەتدا دەبێت. وەك لە سەرەوە ئاوونم کردەوە، ناڕازایی گەلی عێراق تەنیا لەسەر ئەمە یان ئەو لقە شیعە یان سوننە نییە، خەڵك هەوشاندنەوەی هەموو ئەو هێزانیان دەوێت، حکومەت و کەمەگایەکی

مەدەنییان دەوێت، هەروەها دەستکەوتەکان وەرگرتن لەلایەن کەسێکی وەک موقتەدا سەدرەوە سەد و هەشتا پلە دژی ئەم خواستە بنەڕەتییەی خەڵکە.
بەم باوەڕەوە دەتوانین بڵێین هەرچەندە ئەمە بزووتنەوەی ئۆکتۆبەر لە شۆڕشگێڕانەدا نییە، بەڵام وەک فاکتەر و هێزێکی سیاسی لە عێراقدا ئامادەیە، یەکلاکەرەوەیە و بە گومان هەر ئەم هێزەیە کە دواجار داهاتووی عێراق دیاری دەکات .
خەلیل کێوان: لە ئێستادا هێزە ئایینییەکان و بەتایبەتی شیعە لە عێراق چالاکن. بزووتنەوەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە گەڕەپانەکەدا ئامادە نییە و نابینرێت. لەم دەخەدا ئەو چارەسەرە چییە کە دەبێت بخرێتە بەردەم کۆمەڵگەی عێراق بۆ رزگاربوون لەم هێزە نەتەوەیی-ئایینیانە؟
حەمید تەقوایی: بەڵای من خاڵی لاوازی سەرەکی ئەو بزووتنەوەیە کە لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ دەستی پێکرد ئەوەبوو کە حیزب و بزووتنەوەکراو و ڕووخسارێکی دیاریکراوی نەبووە و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش نەیتوانی وەک پێویست خۆی لە سیاسەتدا ببینێت. بزووتنەوە جەماوەرییەکان و ناڕەزایەتی شۆڕشگێڕ لەلایەن حزبێک یان هێزێکی سیاسی بکخراوەوە نوێنەرایەتی نەکرێت، ئەگەر کەسایەتییەک یان هێزێکی سیاسی لەسەر گەڕەپانەکە نەبێت کە نوێنەرایەتی داواکاری و مەیلە ڕادیکاڵەکانی خەڵک بکات و هێگە بە هێزە کۆنەپەرستەکان نەدات وەک بزووتنەوەی موقتەدا سەدر ناڕەزایەتییەکانی خەڵک بە مەرامی خۆیان بەکار بهێنن.، ئەوان ناگۆڕێ هیچ شوێنێک. ئەم کێم بوونە کێشەی سەرەکییە لە بارودۆخی ئەمڕۆی عێراقدا. ئەمە هێزە کۆمۆنیستەکان بە تایبەتحزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق کە خاوەنی هێواستی ڕادیکاڵ و ڕوونن، چالاکن، بەڵام بەداخەوە هێشتا دوورن لەوەی ببنە هێزێکی کۆمەڵایەتی کە لە ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکاندا بەشدار و کاریگەر بێت. کۆمۆنیزمی کرێکاری لە عێراقدا دەبێ هەوڵ بدات ببێتە دەنگ و نوێنەری بزووتنەوەی عەلمانی و دژە نەتەوەیی-ئایینی لە عێراقدا.
کێشەی بنچینەیی خەڵکی عێراق لەم ساتەدا ڕزگاربوونە لە حکومەتە ئایینییە نەتەوەییەکان و دامەزراندنی حکومەتێکی عەلمانی و بە بەوای خودی گەلی عێراق "مەدەنی". ئەم ئێقە سەرەکییە دەبێ لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە وەربگیرێت چونکە تەنها کۆمۆنیستەکان نوێنەرایەتی مەدەنی و کۆمەڵگەی مەدەنی و حکومەتی غێرە قەومی نائاینی لە عێراق دەکەن ئەمە. ئاینی و نەتەوەی دەستاتدار هەمویان بەشکن لە کێشەی قەیرانی حکومەت لە عێراق نەک چارەسەر. لە مامەڵەکردن لەگەڵ قەیران و چەقبەستوویی حکومەتی عێراقدا، هێزە کۆمۆنیستەکان

بۆ تایبەت حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق، دەبێت ئامانجی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەرز بکەنەوە و پێناسەی بکەن و پلاتفۆرم و بەیاننامە و میساقێکی، لە سۆشیال میدیادا دابڕژن و ڕایبگەیەنن و لە میدیا جیاجیاکاندا.هەنگدانەوەی دەنگی نامۆزایی کۆمەڵگای عێراقی، وەستانەوە لە دژی هەموو ئەو هێزە ئایینییە نەتەوەییانەی کە خەڵکی عێراقیان خستۆتە ناو چاڵی تاریکەوە، لەوانەش فراکسیۆنە شیعەکان و سوننەکان و کوردستانییەکان و لایەنگرانی کۆماری ئیسلامی و موقتەدا سەدر و هتد.. حکوومەتی "نا شیعە، غێرە سوننە، غێرە قەومی" و کۆمەڵگەیەکی مەدەنی کە خەڵکی عێراق دەیەوێت مانای ڕاستەقینەی بداتێ. بەڵای من ئەمە گرنگترین ئەرکە کە ڕووبەڕووی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان دەبێتەوە، بۆ تایبەت حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق.
٣١ی ئابی ٢٠٢٢

جەستەی کوژراو، فیکری ئازاد *.. بەختیار محەمەد

جەستە دەکوژرێ، بەڵام فیکر ناکوژرێ. تازە با جەستەی سەلمان ڕوشدی بکوژن، بەڵام هەرگیز ناتوانن فیکری (ئەدەبی) سەلمان ڕوشدی بکوژن. تازە ئیتر ڕەمانی ئایەتە شەیتانییەکان بووە فیکر (فیکری هەموو جیهان)، هەرگیز ناکوژرێ (فیکرێك، کە زۆر گەورەتر، زۆر بە سنوورتر لە جەستەی سەلمان ڕوشدی). سەدان و هەزاران ساڵە جەستە دەسووتێندرێ و دەکوژرێ، بەڵام هەرگیز فیکر (فیکری داهێنەری ئازادیخواز) ناکوژرێ. سەلمان ڕوشدیش ئەو فیکرە ئازادیخوازە داهێنەرەیە، کە هەرگیز ناکوژرێ.

ڕاستییەکەی، کە جەستە تیرۆر دەکرێ، فیکر گەورەتر دەبێ و هەموو کۆمەڵگە و هەموو دنیاش داگیر دەکا (بەنموونە: ئەمە پتر لە دوو هەزار ساڵە گوێ لە حیکایەتی مەرگی تراژیدیی سوکرات و مەسیح دەگرین؛ ئەو مەرگەی، کە گەورەترین دوو فیکری فەلسەفی و میتافیزیکی – لاهووتی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بەرهەم هێناوە). لە کۆمەڵگەی ئەمەشدا کاتێك – بەنموونە – سەردەشت تیرۆر دەکرێ، ئەو

لە جەستەیەکی نەناسراوی بچووکەوە، دەبێتە فیکرێکی (ڕۆحێکی) گەورە و فەزای هەموو کۆمەڵگە داگیر دەکا و تەنانەت سنووری وڵاتیش دەبەزێنێ و ناسنامە تراژیدییەکەشی – لە ڕۆگەی ڕاگەیاندن و ڕۆکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە – بە هەموو جیهاندا بڵاو دەبێتەوە.

جەستە بۆیە تیرۆر دەکرێ، تا فیکر بەند بکرێ؛ بەڵام ئەو ساتەوەختەی، کە جەستە تیرۆر دەکرێ، فیکر نەك هەر بەند نابێ، بەڵکو ئازادتر و گەورەتر دەبێ. فیکر ساتەوەختێکە داهێنان دەکا و ئیشی بە جەستە نییە. ئا لەم ساتەوەختەدا فیکر وەك بورکان دەتەقێتەوە و ئاگری ساتەوەختی هەڵایسانی شۆشی داهێنانەکەی (یانیش درکاندنی حەقیقەتەکەی)، هەر هەموو کۆمەڵگە دادەگرێتەوە، بە دڵست و نەیارەکانیەوە (ئیدی لەم ساتەوەختەدا فیکر پەکی لەسەر جەستە ناکەوێ). هەموو ئەو بیریار و ئەدیب و ڕۆژنامەنووس و چالاکوانانەی، کە لە مڵزوودا تیرۆر کراون، بوونەتە فیکری (ڕۆحی) مەزنی نەمری هەر هەموو مرۆڤایەتی.. بەڵێ، سوکراتەکان بەم شێوەیە خزمەتی مرۆڤایەتی دەکەن: ئەو کاتانەی، کە بە دنیای تاریکمان، دەبنە سووتەمەنیی داگیرساندنی چرای گەشی حەقیقەت.

بەختیار محەمەد

بڕچی دوای وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید١٩، مردن لە نێو منداڵانی کچ دا بە ڕێژەی ٥٧٪ زیادی کردووە !؟.. ئامادەکردنی: حەسەن ڕازانی

تێبینی: ماڵپەڕی ذی ئێکسپۆز ماڵپەڕێکە کە زیاتر بڵای ڕاستڕۆیدایەو زیاتر لەو نێودا بابەتکانی دەنووسێت.. بۆی هەیە لایەنی چەپ و لیبڕاڵ و لایەنگرانیان زۆر لەگەڵ ئەو بڕچوونەدا نەبن. بەڵام ئەوەی من کە کردوومە بەکوردی ئەوەیە کە لای منیش هەر بابەت

پرسیار کە بۆچی دەبێ کاریگەری نەرێنی ڤاکسینی فایزەر لەسەر منداڵانی کچ زۆرتر بێت وەک لە سەر منداڵانی کوڕ؟ هەروەها من لایەنگری ئەوبۆچوونەم کە پێی وایە و دەڵێت کە دەرمانسازەکان و کەمپانیا گەورەکانی دەرمانسازی لە پێناو قازانجی خۆیاندا ژیان و سەلامەتی ئیسانەکانیان بەلاوە پلە دووەمە. هەر بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو بۆچوونەی خۆشم من لێرەدا لینکی خێپیشاندانی خوێندکارانی زانکۆی وەسترن دادەنێم کە لە دژی پێدانی ڤاکسین ناچارایەتیان دەربڕی. ئەو خوێندکارانەش دەڵێن مەسەلەکە پەیوەندی بە قازانج و کەڵەکەکردنی سەرمایەیە لە لایەن کەمپانیا زلبەلاحەکانی دەرمانسازی. هەر بۆیەش لە ٢٩ی ئابی ٢٠٢٢ خوێندکارانی زانکۆی وەسترن لە شاری لەندەن لە پارێزگای ئینتاریۆی کەنەدا دەستیان بە ناچارایی دەربڕین کرد بۆ هەی بۆیارێکی سەرکایەتی زانکۆکە کە دەبێ پشتی دەستپێکردنەوەی دەوام هەموو خوێندکارەکان ڤاکسینیان لەبەردەستەوە..خوێندکارەکانیش بەم بۆیارە ڕازی نین و وای دەبینن کە کەمپانیا گەورەکانی دەرمان بە قازانجی خۆیان لە پشتی ئەم کارەوەن.. لە کۆتایی نووسینەکەدا .لینکی ناچارایەتی خوێندکارانی زانکەم داناوە ..(ح . ە)
ژمارەی مردن لە نەو کجآنی گەنج دا لە پێش ڤاکسین پێداندا هاوتەریب بووە لەگەڵ تێکڕای ژمارەی پێشبینیکراو لە داتای پێنج ساڵدا. بەڵام بە پێی شیکردنەوەیەک بە زانیاریە فەرمیەکان کە لە لایەن فەرمانگەی ئاماری نیشتیمانییەوە ئامادەکراوە، نیشانی دەدا کە ژمارەی مردن لە نەو کچانی گەنجدا بە ژمارەی ٥٧٪ بەرزبووەتەوە هەر دوای ئەوەی کە بە یەکەم جار ڤاکسینیان وەرگرتووە.
ئەوەی کە سەلماوەو دەزانرێت ئەوەیە کە بە شێوەیەکی نائاسایی مردن بە هەی کۆڤید١٩ وە زۆر کەمە لە نەو منداڵاندا، هەر بۆیەش لیژنەی کوتان و بەرگری پێدان لە بەریتانیا ڕازی نەبوو کە پێشنیار بکات بە ئەوەی ڤاکسینی کۆڤید١٩ بدرێت بە منداڵان. بەهانشیان بە ئەو ڕازی نەبوونیان ئەوە بوو کە لایان ڕوون نیە ئاخە سوودەکانی ئەو ڤاکسینە بە منداڵان زۆرتر دەبن لە مەترسیەکانی ڤاکسینەکە. یەکێک لەو مەترسیانەش کە بەهەی ئەو ڤاکسین پێدانە تووشی منداڵان دەبە بریتیە لە هەوکردنی ماسولکەکانی دڵ و دەیش وا لەدەکات کە توانای بەرکردنی خوێنی لاواز ببێت و هەروەها دەبێتە هەی ئەوەی کە دە خێراتر لەبدات و جووڵەو لەدانی بەرەو هەڵکشان بروات.
لە کۆتایدا، هەوکردنی ماسوولکەکانی دڵ دەبێتە هەی لاوازکردنی دڵ و بە مەش دڵ ناتوانێت وەک و پێویست خوێنی تەواو بە بەشەکانی لەش ڕەوانە بکات. هەر لەبەوەیە کە خوێن مەین لە ناو دڵ دروست دەبە و تەپڵەی خوێنی مەیویش لە ناو دەمارەکاندا دروست دەبن و ئەمەش

دەبێتە هۆی جێتەی مشک وجێتەی دیش.
نەخشی ترسناکی تریشی بەدواداەت کە بریتییە لە نەخشیکانی دە بە شۆیکی گشتی و مردن بە هۆی نەخشی دێوە.
هیچ جۆرکی سووکی ئاو نەخشیە بوونی نیە و هەر بە ڕاستی جێی مەترسییە ئاویش بە هۆی ئاوی کە دەمارکانی خوێن تووشی هاوکردن دەبن و ئیتر توانای خۆ تازەکردنەوەیان نابێت. هەر بۆیش کاتێک کە زیانێک وەبەر ئاودەمارانە دەکەوێت ئیتر وەک میلی کاتژمێر گێڕانەوەی بۆ نییە.
ئاوانەی کە بە ڕێکخستنی داودەرمانەوە خەریکن و پسپۆرن لەو بوارەدا تەواو ئاگاداری ئەوەن کە هاوکردنی ماسوولکەکانی دە لە ئەنجامی کاردانەوەی نەرمنی ئنسانەکەیە بە ئاو دەرزیەی کۆڤید١٩.
بۆتایبەتی بە ڤاکسینی فایزەر ئیم ئای ئێن ئێی. هەروەها لاوش ئاگادارن کە زۆرترین قوربانی لەو نەوەدا لاوان و تازە پێگەیشتوانن.
جا بۆیە ئاگەر ڕێکخەری داوودەرمان لەبەریتانیا بۆئاگا بێت لە مەترسییەکانی نەخشی هاوکردنی ماسوولکەکانی دە هەربەدوای پەدانی ڤاکسینی کۆڤید١٩، کەواتە ئەمەش خەمان بۆڕاست دەزانین کە بۆین کاتێک کە پڕۆفیسەر کریس ویتی ، سەرکی ڕێکخستنی داودەرمان لە بەریتانیا، ڕازی نابێت بە پشنیاری لیژنەی هاوبەشی ڤاکسین و بەرگری پەدان کە بە حکومەت بوو بە ئاوەی ڤاکسینی فایزەر بدرێت بە منداڵان ، کەواتە ئاو پڕۆفیسەرە زانیویەتی کە ئەم کارە دەبێتە هۆی نەخشی هاوکردنی ماسوولکەکانی دە لە نەو منداڵاندا.
کریس ویتی و ئەفسەرانی بەشی داودەرمان لە سکەتلەنداو وێە و باکووری ئیرلەندا لە ١٣ی سیپتەمبەری ٢٠٢١ دا ناماێکیان دایە حکوومەتی بەریتانیا کە داوا لە حکوومەت دەکەن کە ڕازی نەبێت بە پشنیاری پەدانی ڤاکسینی فایزەر بە منداڵانی سەرووی ١٢ ساڵی چونکە ڕاستاوخاو هەردەستبەجێ زیانی دەبە بەسەریان. سووپاس کە ئاوپلانێ سەری گرت لە زەمانەکدا بوو کە ساجید جاوید سکرتەری بەشی تەندروستی بوو لە بەریتانیا. بۆیە هەر یەک هەفتە دوای ئاو نامێە ساجید فەرمانی کرد کە نابێت ڤاکسین لە منداڵانی نەو خوێندنگاکان بدرێت.
ئینجا وەرە چاوێک بخشنە بەوئامارەی خوارەوەداو بێت دەردەکەوێت کە لەهەفتەی ٣٨ وە دوای نامەکەی ١٣ی سێپتەمبەری ٢٠٢١ کە دەکاتە هەفتەی ٣٧ تا هەفتەی ٤٤ ئاژەی مردن لە نەو منداڵانی ١٠ بە ١٤ ساڵیدا لە ئیگلتەراو وێدا بەرەو خوار ڕۆیستووە.
جا ئەمە هاتووین ئامارکانمان بەراوورد کردووە . ئاو مردنانەی کە لە نەوان ڕۆگەزی نێرو مێی منداڵاندا ڕوویان داوە لە نەوانی

هەفتەی ٣٨وە بە هەفتەی ٤٤ ی ساڵی ٢٠٢١ وە و بەراورد کردنی لە گەڵ ژمارەی پێنج ساڵی لە ٢٠١٥ وە بە ٢٠١٩ لە نێو ئینگلتەراو وێدا. ئامارەکە نیشانی دەدا کە ڤاکسینەکە کاریگەری نەرێنی هەبووە لە زیادکردنی ژمارەی مردن لە نێوان منداڵانی کچدا. ئەو ئامارەش لە لایەن ئەو ئەن ئێس بۆاوکراوەتووە.
ئەو هەڵکاریەی سەرەوە ژمارەی کەیسەکانبووی مردنەکان نیشان دەدات لە نێوان هەفتەکانی ٣٨ بە ٤٤ لە ساڵی ٢٠٢١ ، واتە لە هەفتەی یەکەمی دوای نامەکەی ١٣ی سێپتەمبەر بە حکومەتی بەریتانیا دەربارەی مەترسیەکانی ڤاکسین بەسەر منداڵان. هەروەها ژمارەی مردن و ژمارەی کەیسەکانبووی مردنەکان نیشان دەدات بە تەمەنەکانی ١٠ بە ١٤ ساڵی هی پێنج ساڵ لە ٢٠١٥ وە بە ٢٠١٩ لە نێوان تەمەنەکانی ١٠ بە ١٤ ساڵی منداڵان.
جا تەماشا کەن جیاوازیەکە چەن دەردەکەوێت کە ڤاکسین چ کێشەکی خراپ دەگەیەنێت لە بەرزبوونەوەی ژمارەی مردن لە نێو منداڵان و بەتایبەتی منداڵانی کچ بە هەی ڤاکسینی فایزەرەوە.
بەیە ئاگەربە وردی تەماشا بکەن دەبینن کە جیاوازیەکە بەڕوونی دیارە. دەبینن کە مردن زەرتر هەبووە لە ٢٠٢١ لە نێو منداڵاندا هەردوای هەفتەی یەکەم کە ڤاکسینی فایزەریان وەرگرتووە. جیگەی داخە کە ژمارەی مردنەکان لە کۆتایی هەفتەی ٤٤ی ساڵی ٢٠٢١ سی و شەش مردنە لە کۆتایی هەفتەی ٤٤ لە داتای پێنج ساڵیەکەی نێوان ٢٠٢١ وە بە ٢٠١٩. بەڵام ژمارەکە بەرزبووەتەوە بە ٥٢ منداڵ دوای ڤاکسینەکە.
ئەو ژمارەیەش ٤٤٪ دەگەنێت لە نێوان منداڵانی تەمەن ١٠ بە ١٤. چونکە هەموو منداڵانی سەروو ١٢ ساڵی لە سەرەتادا ڤاکسینیان پێدرا. هەروەها بەرزبوونەوەیکی ووون و گرنگیش هەیە لە ژمارەی مردن لە نێو منداڵانی نەرینەدا و لە هەڵکاریەکەشدا بە شێوەی پچڕپچڕ هەفتانە ئەو ژمارەیە دەردەکەوێت.
وە لەسەر ئەو مەبنایە ئەمەش بەیارماندا کە چاوەک بە ژمارەی مردنی کچانی منداڵ بخشێنین لەو ماوەیەی کە لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە. بەداخەوە بەمان دەرکەوت کە ژمارەی مردن لە نێو مداڵانی مەیینەدا لە نێو تەمەنەکانی ١٠ بە ١٤ ساڵیدا بە بەراورد بە پێش ڤاکسین پێدان زەر بەرزبووەتەوە.
ئەو هەڵکاریەی سەرەوە ژمارەی کەیسەکانبووی مردنەکان نیشان دەدات لە نێو کچاندا لە تەمەنەکانی نێوان ١٠ بە ١٤ ساڵاندا لە نێوان هەفتەی ٣٨ بە هەفتەی ٤٤ی ساڵی ٢٠٢١ . بەڕوونی دەردەکەت کە ژمارەی مردن بە هەی وەرگرتنی ئەو ڤاکسینەوە لە نێو کچاندا بەرزترە.
دیسان ئاگەر دیقەت بدەی لە یەکەمین هەفتەی سەرەتادا نیشانی دەدا

مردن لە نێو مینەی ئاو مداڵانی کە ڤاکسینیان پێدراوە بەرزتر بووە بەڵام بە جیاوازیەکی زۆر نا. بەڵام لە هەفتەکانی ٣٩،٤٠، ٤٣ و هەفتەی ٤٤ مردن لە نێو منداڵانی کچدا بەشێوەیەکی بەرچاو بەرز هەڵکشان دەرواتە دوای ئاوەی کە ڤاکسین وەردەگرن بە بڕاورد بە ژمارەی مردن لە ماوەی پێنج ساڵی پێشوودا .
لە کۆتای هەفتەی ٤٤ دا ٢٢ مداڵی کچ هەردوای وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید ١٩ گیانیان لەدەستدا، بەڵام لە کۆتایی هەفتەی ٤٤ لە پێنج ساڵی پێشوودا ژمارەی مردن لە نێو منداڵانی کچدا تەنها ١٤ کچ بوو. جیاوازیەکە بە هووڕی دیارە .
ئەمەش لە ٥٧٪ نیشان دەدات کە مردن بەرەو بەرزبوونەوە دەیشتووە لە نێو منداڵانی کچدا بەهۆی ڤاکسینی کۆڤید ١٩ وە.
جا بە ئاوەی دنیا بین کە هەڵە ناکەین و داتاکانمان دروستە تەماشا ئاو هەڵکاریەش بکە کە لە خوارەوەدا نیشانی دەدات. مردن لە نەوان منداڵانی کچدا لە نێو تەمەنکانی ١٠ بە ١٤ ساڵیدا لە نەوانی هەفتەکانی ٣١ وە بە ٣٧ کە ئاو ماوەیەی پێش ڤاکسین پێدانە. ژمارەکە زۆر نزمتر نیشان دەدات.
جا بە زیاتر هووڕکردنەوە هاتین ئاو هەڵکاریەیمان دروست کردوو جوانتر نیشانی دەدا کە مردن بە هۆی وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید ١٩وە لە نێو منداڵانی کچدا بەرەو هەڵکشان و سەرە دەیشتووە هەردوای پێدانی ڤاکسینەکە.
خاڵێك کە دەبێ بەلامانەوە گرنگ بێت ئاو ڕاستیەیە کە مردن لە نێو مداڵانی مینەدا بەرەو بەرزبوونەوە چووە لەبەرامبەر ژمارەی ئاو مردنەدا لە ماوەی پێنج ساڵی پێشووی پێش ڤاکسین لەداندا. جا بابەتەکە هەر ئاوە نیە کە مردن بە گشتی و بە پێی ئامارەکان لە نێو منداڵاندا هەر نزم بووە بەڵک و ئاوەیە کە مردن بە پێی ئامارەکان لە نێو منداڵانی کچدا زۆر لە هی کۆان نزمتر بووە.
١-ئایا ئەمە بەڕاستی دەزانین کە بەرزبوونەوەی ژمارەی مردن لە نێو منداڵانی کچدا بە ٥٧٪ هەیکەی ڤاکسینەکەیە؟ وەڵام : نەخێر.
٢- ئایا بەڕاستی دەزانین کە بەرزبوونەوەی ژمارەی مردن لە نێو منداڵانی کچدا لە ماوەی ڤاکسینەکەدا بە بڕاورد بە پێج ساڵیەکە خۆتای ڤاکسینەکە نیە؟ وەڵام : نەخێر
٣- ئایا دەتوانین بڵێین کە بەرزبوونەوەی ژمارەی مردن دوای وەرگرتنی ڤاکسین لە نێو منداڵانی کچدا هەربە هۆکاوت بووە؟ هەروەها خۆتای ڤاکسینی تێدا نیە؟ وەڵام: بەڵێ
٤- ئایا دەتوانین بڵێین کە بەرزبوونەوەی ژمارەی مردن لە نێو منداڵانی کچ دا هەردوای وەرگرتنی ڤاکسین بەهۆکاوت بووە؟ وەڵام : نەخێر

٥- ئایا پێت وایە کە دەبوو دەسەڵاتداران و دەوڵەت پێدانی ئاو ڤاکسینەیان ڕاگرتبایە بە منداڵان هەردوای دەرکەوتنی بەرزبوونەوەی ژمارەی مردن لە نێو منداڵانی کچدا بە ٥٧٪ بە بەراورد بە ژمارەی مردن لە نێویاندا لە پێنج ساڵی پێشوودا.؟ وەڵام: بەگومان دەبوایە ڕایان گرتبایە.
https://expose-news.com/2022/08/22/female-children-57percent-increase-deaths-after-covid-vaccination/?
https://www.youtube.com/watch?v=sOtUXr-KWRk&t=5s

سەرچاوە: ماپەی ذی ئێکسپۆز… ٢٢ی ئابی ٢٠٢٢

داستانی گۆڕ.. سەردار جاف

پانتایی ژمارەکی بەبەر چاوشی خەیاڵکانی بوو، بەدەم وێنەوە خۆنی بەدیلبوونی مێلەکانییەوە دەبینی، ئافاتە ژوانە چاوەکانی گرتەوە، ئیدی قاوشکانی بیمارستانە بوونە دارشقی ژەوی، بەدەم هەنینەوەی کزە دەنگی بنلەوە واوەکی ئاودانبەوە، تریفەی مانگە لە نێو واوەکەوە هەڵات، چاوکانی هەڵگەڕفت ئاراس ئاوی لەودیو خەیاڵکانی بوو ، بەدەم تلانەوەی ئازارەوە کوتە دەموودوی، هەدی هەدی کاتیان لەهەناتنی خەرا دەدی، هەشتان مێلە غەمزییەکی چاو پێ پێنەبردبوون، لە پە وێنایەکی لێیلا بیمارستانی سەراپا سەرۆژەر کرد، چاوکانی سەرۆژەر بوو، وەڵە شەرم سەراپا ئاودامانی تێنیبوو، ئەقرەکانیش تادەهاتن زێتر دەووخا، دەنگە ئاراسی وەئاگا هێنا، لێیلا لەوسەری جەمسەرەوە ئیدی دەرگای ووپەرمایی کردەوە، ئەرە لەکام مەملەکەتی سەکزکردن دژیت، لە کام دەراندەری چڕ گوڵی و بۆن ناکەی ، لەکام هەواری پیاوەتیدا لە هەست کەتووی، ڕاچڵنی ئیدی ئیشق لە بەردەرگا یەخسیری کرد، هەگری بەبارتەقای بیرچوونەوەی زەد و بەشە و کەسوکار بنکەڵی ئاوەزی ئاراس بوو، بەهەمووی دەگوت لێیلا، لە گڕ باب و برا و مام و خاڵ و هاوڕێ دەدوا بەلێیلا ناوزەدی دەکردن، لێیلا بووە خۆن و خەیاڵ و سات و ناسات، شەوانە لە سەر هەمەری ئەشکگریش داعش و ئاژاوە و تارمایی لە دەبوو بەلێیلا، فیشەکەکانی لەئاستیان چرووک دەبوو، ئافاتی بە هاوسەنگەرانی دەخوڕقان، لێیلا و ئاراس داستانی جەمسەری

سارد و گەرمن، پێکیش بگەن هەر ئەو چەمکەن.....

ئەڵمانیا
٢٠٢٢ / ٩ / ٢

پێکهێنانی هێکخراوی کرێکاری کاری کرێکاران خەبات.. مەنسور حکمەت

وەرگێڕانی بۆ کوردی: کاوە عومەر

چاوخشاندنێک بۆ داخوازیانەی کە کرێکاران لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لە ماوەی خەبات و تێکۆشانیاندا وروژاندوویانە، خاڵێکی گرنگ، یان لە ڕاستیدا خاڵی لاوازی و هەڵەیەکی گرنگ لە کاری کرێکارانی پێشڕەنگدا دەردەخات. ئەم دەڵێین کرێکاری پێشڕەو، چونکە ئەم کرێکارانە لە داشتنی داخوازی و دروشمەکانی خەباتی ئێستای کرێکاریدا هەڵەیەکی گرنگ دەگەن و بۆ گومان ئەگەر ئەم هەڤاڵانە پەیڕەوی لە هەڵەیەکی پرەنسیپی و حیسابکراو بکەن، بزووتنەوەی کرێکاری هەنگاوی گەورە بەرەو پێشەوە دەنێت.
بۆچی ئەم هەڵەیە چییە؟ دیتمان لە نێو داخوازییەکانی کرێکاران لە حکومەت و خاوەنکار، واتە لە نێو داخوازییەکانی وەک کەمکردنەوەی کاتی کار، زیاد کردنی کرێ، پشووی پێنج شەممە، ئیمتیازاتی تایبەت، دەرکردنی بڕیاری حیزبوڵڵا و هتد، داخوازی پێکهێنانی هەرەوەها جار جار شورایەک و سەندیکایەک بەرز دەکرێتەوە. واتە لە هەندێک حاڵەتدا کرێکاران داوا لە حکومەت و وەزارەتی کار دەکەن شورا و سەندیکایان بۆ دروست بکەن، یان لە حاڵەتێکی تردا کرێکاران داوا لە وەزارەتی کار دەکەن نوێنەرێک بنێرێت بۆ چاودێریکردنی "یاسایی بوونی" شوراکەیان و هەڵبژاردنی سەندیکاکان.
ئەمەی کەمەنیستەکان دژی ئەم جۆرە داوایەی شورا و سەندیکاین لە حکومەت. هیچ بەشێک لە چینی کرێکار لە کەمەنیستەکان زیاتر بانگەشە بۆ ئەو ناکات کە کرێکاران هێکخراو و هێکخراوی گشتی و جەماوەری

خۆیان دروست بکەن. ئەمش مەرجەکە بۆ پێشکەوتنی چینی کرێکار. بەڵام ئەمە دژی ئاوەزن کە کرێکاران داوای پێکهێنانی ئاو ڕێکخراوانە و پێکهێنانی ئەنجومەن و سەندیکا لە حکومەت و وەزارەتی کاری سەرمایەدارەکان دەکەن. ئەمە دژی ئاوەزن کە کرێکاران داوا لە حکومەت و سەرمایەداران بکەن بۆ سەندیکا و شورا ڕێکیان بخەن. ئەمە دژی ئاوەزن کە کرێکاران بە دەستی خۆیان حوکمڕانی حکومەت دەکەن بەسەر کاروباری کرێکارانەدا و داوایان لێدەکەین "سەرپەرشتی" هەڵبژاردنی کرێکاری بکات و بیار لەسەر "کارامەیی" نوێنەرانی کرێکاران بدات.

ئەمە دەڵێین پێکهێنانی شورا و سەندیکا کاروباری کرێکارانە و پێویستی بە مەڵاتی پێشوەختەی حکومەت و سەرپەرشتی نوێنەر یان پشکنەری وەزارەتی کار نییە.

بەڵام هەموو ئیفەرمخواز و سندیکالیستێکی ئەسک شکاو کە تەمەنێکە خەی بە مافی سەندیکاکانی کرێکاران کاندید کردووە، بە دڵنیاییەوە ناڕازایەتی بەرامبەر بە قسەکانی ئەمە دەبێت. دەفەرموێت:

"ئاوە ڕاستییەکە، ئاوەی کەمانیستەکانیش لەگەڵیدا هاوڕان، کە کرێکاران پێویستیان بە ڕێکخراوی جەماوەریی خۆیان هەیە. کرێکاران ناتوانن دانیشتن بکەن، سەیری کەمبوونەوەی حەقدەستی ڕۆژانەیان بکەن و فشار و بەبەشییەکانی کاریان زیاد دەکات و هیچ نەڵێن. وە لەناکاو بڕیانییەک دروست دەکەن". شێوەی کەمانیستەکان، حکومەتێکی کرێکاری دابمەزرێنن و هەموو ئاوە شتانە جێبەجێ بکەن کە ئاوەی کەمانیستەکان لە بەرنامەکەتاندا هەناتان، کرێکاران دەبێت ڕۆژانە خەبات بکەن بۆ باشترکردنی بارودۆخەکانیان و ئەمش پێویستی بە ڕێکخراوی جەماوەری و سەندیکای کرێکاران هەیە."

بەڵێ، تا ئێم خاڵە ئەمەی کەمانیستەکانیش هاوڕاین... و نەک هەر ئاوە، بەڵکو دەڵێین ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی کرێکاران تەنیا ئامرازێک نین بۆ باشترکردنی بارودۆخی خۆیان، بەڵکو دەتوانن ببنە بنەمایەک بۆ ڕێکخستنی باشتر و خەراتری کرێکاران لە ژێر سیاسەتی شۆشگێڕانەی چینی کرێکاردا، واتە سیاسەتی کەمانیستی ئەمەی کەمانیستەکان تەنیا چاکسازی لەبەرچاو ناگرین، بەڵکو تەنانەت شۆشی کرێکاریش بە ڕێکخراوی جەراوجەری جەماوەری کرێکاران، واتە بە ڕێکخراوێک کە بتوانێت ملیۆنان کرێکار لەخۆبگرێت، بەکردەیی نازانین.

بەڵام هاوڕێی سندیکالیستمان لەڕاوە بۆ ئەنجامە دەگات کە:

"باشە، ئەگەر بیارە ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی کرێکاران وەک سەندیکا، پێیەوی لە داواکارییەکانی کرێکاران بکەن، دەبێت لایەنگری حکومەت و خاوەنکار بن. حکومەت و خاوەنکار ئامادە نین قسە

لەگەڵ ئەو هەڵکشاوانە بکەن کە ئەو کارە دەکەن". بۆیە دەبێت ئەمە زمانی خۆشیان لەگەڵ بەکاربهێنین و پێویستە بانگهێشتیان بکەین بۆ بەشداریکردن لە پێکهێنانی شورا و سەندیکاکانمان، پێویستە هەگبەدن کرێکاران پێکبهێنن و نوێنەر بنێرن و سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی بکەن، بۆ ئەوەی دواتر ئەوان نەتوانن بەویانو بهێنەوە و شانی خۆیان لە دانوستان لەگەڵ نوێنەرانی سەندیکا خاڵی بکەنەوە…"

بەدنیایی ئەمە لەگەڵ ئەم دەرئەنجامەدا ناکۆکین. لێرەدا ئەنجامێکی هەڵەم لە پێشکێ چینێ دروستەکە وەرگرت. ئەمەش پێی دووترێت دەستایەتی مام ورچ بەرامبەر بە کرێکاران. بۆچی؟ بەهۆی:

سەرەتا پێویستە تێبینی ئەوە بکەن کە هەموو چاکسازییەک و هەر باشتربوونێک، هەرچەندە کەمیش بێت، لە ژیانی کرێکارانی ناو کەمپەگەی سەرمایەداریدا، دەرئەنجامێکی لاوەکیی خەباتی شۆڕشگێڕانەیانە. ئەگەر بتووت حکومەت ناچار بکەیت دانوستان لەگەڵ کرێکاران بکات، دەبێت دەستاتی سەربەخۆی کرێکاران لەبەردەم حکومەت و سەرمایەداران ئاشکرا بکەیت. هیچ حکومەتێک، هەرچەندە فریوکاریش بێت، ئارەزووی دانوستان لەگەڵ ئەو کرێکارانەدا ناکات کە ملکەچ و لە یاساخوازن بگرن و پێشتر بزانن کە دەست بەمانگرتن و خۆپیشاندان و کاری ئاستەوخۆ نابن. ئەوە خۆتان چەندین جار شاهیدی ئەوە بوون کە حکومەت لەبەر چاوی کرێکاران سنگی دەرپەڕاندوە و تەنانەت هەڕەشە و سوکایەتی پێکردون. بەڵام کاتێک هێزی سەربەخۆی چەپ و ئیرادەداری کرێکارانی لەبەردەم خۆیدا بینی، کاتێک ئووبەووی هەڕەشە و مانگرتنی سەرتاسەری بووەوە، ملکەچ و ئازی بووە لەگەڵ نوێنەری ئاستەقینەی کرێکاران دانوستان بکات. ناتوانیت بە وەرگرتنی ڕەزامەندی حکومەت و خاوەنکار بەرەنگاریان ببیتەوە. کرێکاران دەبێ دەستاتی خۆیان بەسەریاندا بسەپێنن.

هەمان یاسای بنەڕەتی خەباتی چینایەتی پێکهێنان و بە فۆرمی کردنی شورا و سەندیکا بەرەوەدەبات: ئیفڕم بەرهەمی لاوەکیی خەباتی شۆڕشگێڕانەیە و هەرچاکسازی و باشتربوونی بژێکی دەبێت بە هێزی هاوپشتی و شۆڕشگێڕی چینی کرێکار بەسەر چینی سەرمایەدارو حکومەتکەیاندا بسەپێندرێت و. شورا و سەندیکا ئامرازێکن بۆ کرێکاران بۆ خەباتکردن بۆ مافکانیان. ئەو مافانەی کە سەرمایەدارەکان قەرغیان کردووە و بە زاراوەیەکی باش نایدەنەوە. بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی حکومەت و سەرمایەدار، ناتوانرێت ئامرازێک بۆ شۆڕکردن لە دژی ئەوان دروست بکرێت. هیچ حکومەتێکی بەرژوازی شورا و سەندیکایەکی ڕاستەقینە بە کرێکاران پێک ناهێنێت و ڕێگا بە هەڵبژاردنی نوێنەری ڕاستەقینە و شۆڕشگێڕی کرێکاران

ناکاتەوە. پەویستە رێکخراوە جەماوەرییەکانمان و نوێنەری راستەقینەی بەسەر حکومەتدا بسەپێنین. دەبێت کرێکاران حکومەت و خاوەنکار ناچار بکەین بە هەزی هاوپشتی و یەکێزیمان دان بە شورا و سەندیکاکەماندا بنێن. ئەمە تەنیا هەزی خەباتی یەکگرتووەمانە، کە دەسمێت بە رێکخراوەکانمان دەبەخشێت و نوێنەرانی ئەمە دەکاتە خاوەنی " لێهاتوویی". ئاخر ئەو کەسەی لە پێناو باشتر کردنی بارودۆخی کرێکاران، بەدەستی خۆی مەیدانی دەستەوەردانی حکومەت لە کاروباری چینی کرێکاردا دەکاتەوە، زەرترین جار دەستێکی نەفامی کرێکارانە. بەرژەوەندی چینایەتی و بنەڕەتی و گشتیی کرێکاران بە بەرژەوەندییەکی دەستبەجێ و بەشێکیان دەفرۆشێت، کە هەروەها نازانرێت تا چەند دەتوانرێت بە رێگەی ئاشتیخوازانە بەدی بهێنرێت. کەی خەباتی کرێکاران لەدژی سەرمایەدارەکان خەباتێکە بە کورتکردنەوەی دەستی سەرمایە و سەرمایەدارەکان لە ژیانی ئابووری و سیاسی کرێکاران. خەباتێک کە دەبێ تا ڕووخاندنی تەواوی دەسەڵاتی چینایەتی سەرمایەدارەکان بەسەر کۆمەڵگادا بەردەوام بێت. خەباتێک کە دەبێ ببێتە هەی پێکهێنانی حکوومەتی کرێکاری. بەڵام ئەم دەستە کورتبینانە کە تەنیا بیر لە "یاسایی کردنی" ئەنجومەن و سەندیکا دەکەنەوە، سەربەخۆیی کرێکاران بە سەندیکایەکی ریفەرمخواز دەفرۆشن کە حکومەت و سەرمایەدارەکان متمانەی پێدەکەن. بەپێچەوانەوە هیچ کرێکارێکی پێشکەوتوو و زانا دەرگای حکومەت بەڕووی کاروباری کرێکاراندا ناکاتەوە و بانگهێشتی حکوومەت بکات بە ئەوەی سبەینێ بێت، بۆ ئەوەی حکومەت ئامادەبێت قسە لەگەڵ نوێنەرانی سەندیکا بکات سەبارەت بەوەی سبەینێ لەسەدا چەندی موچە زیاد بکرێت و دەتوانێت کرێکاران بۆپێی خواستی خۆی ڕێکبخات، یان هەر نوێنەرێک بە بە هەراسانکردن یان تەنانەت ئەو سازشکارەی کە دەیەوێت لە سندوقەکە دەربهێنێتدەرەوە. بە شێوازێکی وا، واتە بە داخوازیی شورا و سەندیکا لە حکوومەت و وەزارەتی کار، جگە لە سەندیکای زەردی لایەنگری حکوومەت و شورای ئیسلامیی بکرێگیراوی کەماری ئیسلامی، هیچ شتێک بە کرێکاران نادرێت .

ئەگەر بمانەوێتشورا و سەندیکایەکی ڕاستەقینەمان هەبێت و حکومەت ناچار بکەین بە فەرمی دان بە شورا و سەندیکاکەماندا بنێت، ڕێگاکەی ئەویە خەمان دەست بکەین بە دروستکردنی شورا و سەندیکا و با حکومەت و خاوەنکار و وەزارەتی کار بزانن کە کرێکارانی یەکگرتوو، کرێکارانی پێکەوگرێدراو، جەماوەری کرێکاری کارگەکان، ئەم شورا و سەندیکایە بە شورا و سەندیکای خۆیان دەزانن، بە دەڵەوە پشتیوانی لە دەکەن و ناهێڵن موویەک لە سەری نوێنەر و سەرکردەکانی

بکەوێت. لەرشدا ئەو یەکێیزی و هاودەنگی خودی کرێکارانە کە دەتوانێت حکومەت ناچار بکات تەسلیم بێت.
ئەنجامی هەر جۆرە دەستوەردانێکی حکومەت لە پێکهێنانی شورا و سەندیکاکان لە ئێستاوە زانراوە. ئایا زۆر جار نەماندیوە و ئەزموونمان نەکردوە کە بەسەرماندا سەپاندوە؟ ئایا نەماندیوە و ئەزموونمان نەکردوە کە نوێنەرە راستەقینەکانمانیان قبوڵ نەکردوە یان تەنانەت دەستگیریان دەکردن و دەریان دەکردن؟ ئایا نەماندیوە کە نوێنەرانی وەزارەتی کار هەمیشە "کارامەیی" کرێکارانی کەمەنیست و شۆشگێریان بێت کردووەتەوە و بە هەزار تەزویر و فێڵ ڕێگریان لە هەڵبژاردنیان کردووە؟ ئایا بیارە دەخەکە وەک خۆی بمێنێتەوە و ئەم ئەزموونانە دووبارە ببێتەوە؟
لەوانەیە کەسێک بڵێت "ئەم بانگهێشتەی حکومەت بەدەستوەردان لە پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان بەهای ناچاریوویە. ئاخر حکومەت لەبەردەم کرێکاراندا دەستی باڵای هەیە". بەدڵنیاییەوە بە گومان ئەمەش فاکتەرێکی کاریگەرە بە خستنەڕووی ئەم ئیدیعا درێنە. بەڵام عەقڵیەتی "یاساخواز" و سندیکالیستی بەشێک لە کرێکارانیش لەم پرسەدا دەورێکی گرنگ دەگێڕێت.هەر ئەوەندە بەسە ئەزموونی کرێکارانی چاپخانە لە تاران وەبیر بهێنێنەوە. هاوکێیانی کرێکارانی چاپخانه له تاران دوای ڕاپەڕین، واته کاتێك کرێکاران خاوەن هەڵبوون، بەیاری هەڵوەشاندنەوەی سەندیکای سەردەمی شایان دا و سەندیکایەکی نوێ دروست بکەن. نوێنەرانی سندیکای پێشوو ئیدیعایان کردبوو کە ماوەی نوێنەرایەتی "یاسایی"یان تەواو نەبووە و ناکۆن تا دەساتێکی یاسایی نەبێت بە دەستبەسەرداگرتنی فەرمانگە و موڵک و پارەی سندیکای ئادەست بکەن، هەروەها تا دەستێ بکەوێتەوە نوێ دەست بکار دەبێت "بە شێوەیەکی یاسایی" دیاری کراو. سەرنج ڕاکێشە! لە دەخەکدا کە پاشا و یاساکانی و تەواوی دەزگای یاسادانان لە دەستی کرێکارانی چەکدار هەڵهات بوون، نوێنەری سەندیکای شاهانە یاساییبوونی خۆی نمایش دەکرد! بەڵام ئەوەی سەرنجڕاکێشتر و جێگەی داخترە ئەوەیە کە کرێکارانی پێشەنگی چاپکردنیش خۆیان تەسلیم بەم ئارگیومێنتە کرد. بە ماوەی سێ مانگ هەموو ڕۆژێک بە ئامادەکاری بە هەڵبژاردنکان کەدەبوونەوە، ئاگاداری هەڵبژاردنیان لە ڕۆژنامەکاندا باڵاودەکردەوە و بانگهێشتی وەزارەتی کاری کەماری ئیسلامییان دەکرد بە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنکان و سەرپەرشتیکردنیان. نوێنەرانی "یاسایی" هەروەها لە ڕۆژی هەڵبژاردندا بانگەشەی ئەویان کردووە کە پێویستە خۆیان سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکە بکەن، چونکە بەپێی "یاسا" هەڵبژاردنەکە

لایەن دەستی بەرپرسیاری پێشووی بەرپرسانی چی بوو؟ هیچ، دژایەتی بە قسەکانیان دا و دیسان هەر سێیان دیسان لە سندوقی دەنگدان هاتنە دەرەوە. ئەو کرێکارانەی کە لە ئاپێنەکەدا چەکدار بوون، لە بەرامبەر وەهمە یاساییەکانیان و هەڕەشەکانیان بە دەخێشکردنی وەزارەتی کار، چەکیان دادا و دانیشتنەوە. پێویستە لێم جارە ئەزموونانە فەربین!
ئەمەی کۆمۆنیستەکان لە خەباتدا سەربەخۆیی چینی کرێکارمان دەوێت. ئەمەی کۆمۆنیستەکان دەمانەوێت چینی کرێکار بە پشت بەستن بە خۆیان و هێزە سەربەخۆکانیان بە بەدیهێنانی داخوازییە چینایەتییەکانیان رێکبخەن و خەبات بکەن.
ئەمەی کۆمۆنیستەکان دەڵێین، کرێکاران! پێکهێنانی شورا و سەندیکا کاری خەتە و پێویستی بە مۆڵەتی حکومەت و خاوەنکار و سەرپەرشتی وەزارەتی کار نییە.
ئەمە دەڵێین، ئەگەر ئەو بە شێوەیەکی لێکهەڵپێکراو و یەکگرتوو بەرگری لە ڕێکخراوەکانتان بکەن، ئەگەر خەتان سەرتا ڕێکخراوی خەتان و شورای خەتان و یەکێتیی خەتان دروست بکەن و بە فەرمی بناسن و وەک ئەرگانێکی یەکگرتوو مامەڵە بکەن، هەر ئەوکاتەو تەنها ئەو کاتەیە کە دەتوانێت فەرمی بوونی ئەوە بەسەر هەر حکومەتێکدا بسەپێنێت.
ئەمە دەڵێین ئەوشورا و سەندیکایەی کە حکومەت بەتان پێکدەهێنێت، تەنانەت ئەگەر ئازیش بێت، شورا و سەندیکای کرێکاری نابێت. چادرێکی یاری سەندیکایی دەبێت کە بوکەڵەی تەدایە کە لە شێوەی کرێکاردا دروست دەکرێت. شورای ئیسلامی و یه کێتیی زه ردی حکومه ت له ئه نجامی ئه و جۆره میتۆده یه .
ئەمە دەڵێین، پێویستە کرێکاران دەستبەجێ و تەواو سەربەخۆ لە حکومەت دەست بکەن بە پێکهێنانی شورا ئاستەقینەکانیان. کۆبوونەوەی گشتیی کارگەکەیان پێکبهێنن، کۆبوونەوەکانی ڕێکدەخەن و وەک باڵاترین ئەرگانی بڕیاردەری کرێکاران بناسن و بیخەنە بەردەم حکومەت و خاوەنکار و وەزارەتی کار. کۆبوونەوەی گشتی فەرمی و ئاسایی پایەی یەکەمی شورای ئاستەقینەیە.
ئەمە دەڵێین، دەبێت کرێکاران بە یەکگرتوویی ئایبگەیەنن کە حکوومەت مافی ئەوەی نییە دەستوەردان لە پێکهێنانی شورا و سەندیکای کرێکاراندا بکات. پێویستە حکومەت دان بە هەموو نوێنەر و هەموو ڕێکخراوێکدا بنێت کە کرێکاران بە ئیرادەی خەیان هەڵیانبژاردووە و دروستیان کردووە.
ئەمەی کۆمۆنیستەکان دەڵێین چینی کرێکار تەنیا بە هێزی خۆی ڕزگاری دەبێت. کرێکاران دەبێ لە ڕێکخراوە سەربەخۆکانیان و لە سەرووی

هەمووشیانەوە لە حیزبی سیاسی خیاندا، لە حیزبی کەمینیستدا یەکبگرن و لەکبخن و خباتی شۆشگێانیان بە هێواشاندنەوەی تواوی سیستەمی سەرمایەداری چتر بکنەوە. هەرچاکسازیەکی بچوك و هەر باش یونکی بچوك لە بارودخی کرکاراندا، دژئنجامکی لاوکی ئەم خباتە شۆشگێیە دبت. کرکاران هەر کاتك دستبەرداری خباتی شۆشگێانە بن، لە چاکسازی و باشتربوونی ڕۆژیی دخکە بەبش دبن.
کرکاران! پکهنانی ئشورا و لەکخراوی کرکاری کاری ختە. داوای ئمانە لە حکومەت مکن و چاوەڕی مەت و چاودێری حکومەت مکن. به پچه وانه وه ایبگه یه نن که حکوومه ت مافی ئه وه ی نییه ده ستهوه ردان له م بابه ته دا بکات و ده بێ دان به لەکخراوه جه ماوه رییه کانی کرکاراندا بنێت بەبێ مه رج.
خباتی سربخ و پشت بستن بە دستاتی جماوەری زحمتکش تاکە ڕێگایە بە سرکوتن.

کمنیست، ئرگانی ناوندی حیزبی کمنیستی ئران، ژمار ۳ – ۳۰ ئازر ۱۳٦۲
۲۰۲۲\۹\۳۱

فسیۆلۆجیایی مرۆڤی (نۆرمۆ), تۆرامانی سایکۆلۆجی.. نووسینی: ئاری ژندینی

مرۆڤ به (نۆرمۆ) دروستکراووخوڕقاوی قۆ یا خۆر یا ئاوودڵپه ئاو بەباوەڕوکردار هاوڕاین و کۆکین ئەمەی مرۆڤ به هەموو ئاین و بیروباوەڕەکان سەدا 95 % کە (خوا) مرۆڤی دروستکردووه بە (نۆرمۆ) چ له مرۆڤ له ئاژەڵ , هەروەکو له قورئانی پیرۆز دەفەرموێ (خلق الانسان من احسن تقویم) واته مرۆڤ له باشترین ڕەکەکان خوڕقاوه واته جوانترورێك و پێکتره له هەموو ئەو زیندەوەرئاژەڵانەی له سەر گۆی زەوی هەرچەند زیندەوەروئاژەڵەکانیش هەر دروستکراوی خوایه ! بەجگه لەوەی خوا مرۆڤی به جوانی و ڕێك

دروستکردووه هەر مرۆڤەکانیش هۆشیاری و هەستیاریان بەو جوانییە هەیە جوانی و ناشرینی یەکلا دەکەنەوە هەرچەند ئەوەش بۆن (جوانی و ناشرین) مرۆڤ دایهێناوە بارێکی سایکۆلۆجیە و رۆژەیی دەگەڕێتەوە سەر ئیستاتیکای مرۆڤەکان (پێوەری جوانی لای مرۆڤ) واتە هەموو جوانیەك لای مرۆڤەکان وەك یەك نییە هەموو ناشرینییەك وەك یەك نییە ! سەرەتایی دروستبوونی مرۆڤ و مرۆڤایەتی هەموو شتەکان یەکسان بوون مرۆڤ زەوی سامان و پارە یاسا و سیستەم دواتر ئەمانە بە پێی عەقڵ و هۆشیاری و بیرکردنەوەی مرۆڤەکان گۆڕانکاری بەسەر داهات بووە هۆکاری جیاوازی لە سەر گۆی زەوی هەروەك ئەوەی دەیبینین هەرمرۆڤەوبەشێوەیك بیردەکاتەوەودەژی وهەرکەس زەوی و خاك و ولاتی خۆی هەیە هەرکەس بە سەلیقەو بیروباوەڕی خۆی دەڕوانێتە جوانی و کێی دروستکراوی ئەم سەرزەمینە. پاش ئەوەی مرۆڤ هۆشیار بوو شارەزایی خۆی و دەوروبەری خۆی بوو هەر مرۆڤەوبە شێوەیەك بیردەکاتەوەدەڕوانێتە بەرامبەری دەزانی جیاوازی خۆی و ئاژەڵ چیە, جیاوازی مرۆڤ و مرۆڤ ! لە رووی رەنگ و شێوەورەگەزی نێروماێ ئەمانە هەزارەها بیرکردنەوەی لای مرۆڤ دروستکردوهەستی لای دروستکرد کامەیان باشە و خراپەوخۆشە و شیرینە و ترشە وبەتامە و بەچێژە و بەزەوقە ئەو هەموو جۆراجۆریە هەڵبەست و بیرکردنەوەوبیاری مرۆڤ دەگۆڕێت و(ئیستاتیکا) و (فەلسەفە) لای مرۆڤ بەرهەم دێنێت ! مرۆڤ ناتوانێ وەك ئاژەڵ بژی و ئاژەڵیش ناتوانێ وەك مرۆڤ بژی بۆچی ؟ لەبەر ئەوەی خەڵق و فسیۆلۆجی مرۆڤ و ئاژەڵ وەك یەك نییە ئەمەش کاردەکاتە سەر لایەنی سایکۆلۆجی و بیرکردنەوەی ئاژەڵ و مرۆڤ واتە ئاژەڵ ئاژەڵە مرۆڤیش مرۆڤە کەواتە نێر نێرە و مێ مێیە هەریەکەیان کاروپیشەوجوانی خۆی هەیە لەوانەیە یەکیان لە یەکێکیتر جوانتروباشتربێت بە پێی ئەو بارودۆخەی کەباسمان کە مرۆڤ گەیشتۆتە حالەتی ئیستاتیکا (جوانی و ناشیرینی) داهێناوە بۆ هەردوکیان کەلە ئەساسدا هیچیان نەجوانن نە ناشیرینن بە ڕکو مرۆڤن ! بیرکردنەوی مرۆڤەکان جیاوازی و چینایەتی دروستدەکات . گەر مرۆڤی نێر بەتەنها وجوودی هەبوایە ژیان بەردەوامی هەبوو بەڵام بەم شێویە نا کە ئێستا هەیە وە بەپێچەوانەشەوە جۆرە ژیانێك بوو لە نێوان ئاژەڵ و مرۆڤ واتە مرۆڤی (نێروماێ) دوو دیوی شتێکن پێی دەڵێن (ژیان , شارستانیەت , پێشکەوتن) ژیانێکی تەندروست چونکە ئاژەڵیش ژیانی هەیە ! دەڵێن ئاووئاوەدانی ئەوەش راستە بەڵێن (مرۆڤ و ئاوەدانی) بەڵام لە نێوان مرۆڤەکان کە نێروماێ یەکیان لە یەکیان ئاوەدانترو ئارامترو ئاسوودەترە بۆ ژیان, بە پێوەری پێکهاتەو سایکۆلۆجیای بیرکردنەوەی مرۆڤەکان بە تایبەت مرۆڤی (مێ).
مرۆڤی (مێ) لە هەموو سەردەم و کۆمەڵگەیەك جۆگایی سەرنج و

تراماان و ئاوەدانی و مایەی خۆشی و ئارامی و چژبەخشین بووە بۆ مرۆڤی بەرامبەری کە مرۆڤی (نێر) لە رووی سایکۆلۆجیاو پێکهاتەوعەقڵیەوە ئەوە رووندە و دەبینرێت,لە رووی بایۆلۆجیەوە خوێن و پێست و هەندێك لە ئەندامی جەستەی وزەوئێنیرجی زیاترو جیاوازترە لە هی مرۆڤی (نێر) مرۆڤی (مێ) لە رووی پێکهاتەی شێوەی خەڵق و دروسبوونیەوە واگونجاوەوا دەخوازێ نەرم و نیان و ناسکترومایەی چژبەخشین بێ لە مرۆڤی (نێر) هەر عەقڵیەتی مرۆڤ و سایکۆلۆجیەتی مرۆڤ بە گشتی ئەوەی یەکلاکردۆتەوە لە سەرانسەری هەموو جیهان کە چی خۆشە چی جوانە مرۆڤی (مێ) یەك لەو شتانەیە کەوتۆتە بەر ئیستاتیکایی زیهن و عەقڵیەت و هەستی مرۆڤەکان بۆیە مرۆڤی (مێ)ناسکتروئارامتروچژبەخشتروخۆشتروجوانترە لە مرۆڤی (نێر) هەروەکو زۆربەی کەلوپەلوشمەك و شتانەی لە بەر چاوی مرۆڤە لە ژیانی رۆژانە و لەو جیهانەی ئێمەی تێدا دەژین. هەردەم مرۆڤی(مێ) لە مرۆڤی (نێر) جوانتروناسکتروچژبەخشترە لە هەموو ئەو زیندەوروئاژەڵ و مرۆڤە نێرەکان هەربۆیە مەرج و موژدەی بەهەشتیش هەر ئافرەتە کە پێی دەڵێن (حۆری) (ئافرەتی پەری) . هەرکاتێك شتێکی ناسك و جوان دێتە بەر چاوت ئافرەتت بەخەیال دادێت نموونە : ئاژەڵی بچووك و ناسك وەك پشیلە و کەرۆش و مامز ومریشك و بوبول و چۆلەکە و قوماشی ناسك و گوڵ و گوشتی ناسك چەندانی تر ئافرەتت دێتە خەیال و لە زیهنت بەرجەستە دەبێت و شێوەی لە ئافرەت دەکات لە ئارامی و ناسکی و توانایی خۆ زاڵکردن بە سەریا ! بەڵام هەرکاتێ شتێکی زەبەلاح و گەورەو ناشرین وەکو خانووی گەورەو ئۆتۆمبیلی گەورە و ئاژەڵی وەك کەرو مانگاو چێ و گامێش و شێرو پڵینگ و کەرکەدەن و ئاژەڵی دڕندە توانایی زاڵبوونت نییە بەسەری.
مرۆڤی (نێر) بە خەیاڵ دا گوزەر دەکات و دێتە بیرکردنەوەت ئەمانە لە رووی پێکهاتەی زانستی لەشی مرۆڤ مەعلومەوسەلمێنراوە کە لەشی مرۆڤی (نێر) لە مرۆڤی (مێ) بەهێزترە لەلایەنی سایکۆلۆجیاش زۆر هەست بەم بیرکردنەوانە هەست پێدەکرێت زۆریش حەزی بەم شتانەیە بە خەیاڵ و بە کردار بووەتە ئارامی و ئاسوودەیی رووحی مرۆڤەکان بەتایبەت مرۆڤی نێر کاتێك هاوڕەتی و هاوسەرگیری لە گەڵ مرۆڤی مێ دەکات جێگیرتروئارامتروهەمنتر کاروکاردانەوەی دەبێت جۆرێك لە توانەوە لە ناو دەفری مرۆڤی مێدا , گەر تەماشا بکەین دەبینین لە شوێنە گشتیەکان و بازرگانی و کۆمپانیەکان و مارکێتەکان و لە رۆژنامەوگۆڤارەکان شوێنیان بێ ئافرەت واناکردووە چونکە دەزانن مایەی سەرنج و لێ ووردبوونەوەیە ئەی ئەوە نییە دەڵێن ژنهێنان نیوەی ئیمانە ! بۆیە مرۆڤی نێر لە مرۆڤی مێ زۆر جیاوازترە لە لایەنی رووحی و لایەنی فەسەڵەجی ئەی پیاوی نێر و نێری

پیاو!

هەندێ یاساییکانی پەیماننامەی سیڤەر.. ئامادەکردنی/ پارێزەر/ لوقمان مستەفا

ئەم پەیماننامەیە لە (10/ ئابی/1920) لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی سەرکەوتووی جەنگ و بە نوێنەرایەتی هەندە دەوڵەتی تر مۆرکراوە. لە کاتی بەستنی ئەم پەیمانە کوردستان بەدوو پارچەیی مابووە وە کوردستانی سەر بە دەوڵەتی عوسمانی و کوردستانی سەر بە ئێران .
هەبەتە هەڵەکی زۆرین بوو بە کورد بەپێی ئەو پەیماننامەیە کورد مافی ئەوەی هەبووە ببێتە خاوەن کیانێکی سەربەخۆ و دەیتوانی دەوڵەتی کوردستان رابگەیەنێت، لەچەند بەندێکیدا راستەوخۆ و ناراستەوخۆ باس لەو مافەی کورد کراوە. هەندێك لە مێژونووسانیش ئەو پەیماننامەیە بە یەکەم بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی دادەنێن کە بەشەویەکی روون و ئشکرا ئاماژەی بە کێشەی کورد کردووە، هەر بەیە رەهەندێکی یاسایی و نێودەوڵەتی وەرگرتووە و رەگەی پێداوە لە باکوور و باشووری کوردستاندا کورد دەوڵەتی سەربەخۆ پێکبهێنێت.
هەرچەندە پەیماننامەی (سیڤەر) تایبەت بووە بەدابەشکرددنی میراتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی، بەڵام لە سێ بەندی (62، 63، 64) بەڵوونی ئاماژەی بەداخوازی و مافکانی گەلی کوردستان کردووە. ئەمە سەرەڕای ئەو کەموکورتییانەی لەپەیماننامەکەدا هەبووە، لەوانە فەرامۆشکردنی خەرهەڵاتی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران، واتا ئەو پەیمانە دابەشکردنی کەلەنیالانەی کوردستانی بەرجەستە کردووەو تەنها باسی ئەو بەشەی کوردستانی کردبوو کە لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا

بوون،
پرسی سەربەخوی کوردستان بە هەوی پێگەی یاسایی و پاپشتی نێودەوڵەتیەوە چانسی گەورەی هەبوو کەلەو پەیماننامەیەدا هاتووە مافی راگەیاندنی دەوڵەتی کورداستانی لەو دوو بەشەی کوردستاندا هەبووە. ئەم پەیماننامەیە لە (13) بەش و (433) بەند پێك هاتبوو،لەبەشی (3) و بەندی (62–63 –64)ەاستەوخۆ باسی کورد و ئایندەی کوردەکانی کوردستانی کردبوو،وە بەیەکەم پەیماننامەی نێودەوڵەتی دادنرێ کەبەم شێوەیە باسی کورد بکات،هەرچەندە لە بەندەکانی تریش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسی کورد دەکات بەڵام بە ئاوەڵای ناوی کورد بهێنێ .
بە بەر چاو گرتووونی زیاتر گرنگێ بزانیین مادە یاساییەکانی ناو پەیماننامەکە چیە .!؟ تاشی بکەینەوە:-
بەندی (62) ێ و تێیدا هاتووە:
(لیژنەیەک، کە مەبەندەکەی لە ئێستەمبوڵ دەبێت و لە سێ ئەندام پێک دێت و، هەر ئەندامەک لە سێ دەوڵەتی: بەریتانیا و فەڕەنسا و ئیتالیا دایدەهێنن، لەگەڵ مژووی بەجێهێنانی ئەم ئەرکانەمیەدا، بە شێش مانگ بە دەستنیشانکردنی ئەو ناوچانەی ڕەگەزی کوردیان تێدایە و کەوتوونەتە خەرهەڵاتی فورات و، باشووری خەرئاوای ئەرمینیا وە، وەک لە دوایشدا دەست نیشان دەکرێت. سنووردێکیش بە جیاکردنەوەی تورکیا، لە سوریا و، ئێراق، بەو پێیە دیاری دەکرێت، کە لە دەقی دووەمین و سێیەمین بەگەی دووی بەندی 27دا هاتووە. بەڵام لە کاتی ڕەک نەکەوتن لەسەر هەر بابەتێک، ئەوا ئەندامانی لیژنەکە: -کەمیسیۆنەکە- دەنگ لە حکومەتەکەی خۆی دەگەڵتەوە، پەویستیشە ئەم پرۆژەیە زامنی تەواوی بە پاراستنی کلدان و ئاشووری و، کەمایەتی ڕەگەز و ئایینی تری نەو ئەم ناوچانەی تێدا بێت، لەبەر ئەوە لیژنەیەک لە نوێنەرانی بریتانیا و فەڕەنسا و ئیتالیا و-ئێران- و کورد، دەگەڵێت بە پشکنین و بەیاردانی راست کردنەوەکە، ئەگەر بینرا پەویستە دەربارەی سنووری تورکیا بکرێت. چونکە بەپێی بەندەکانی ئەم پەیمانە، سنووری باسکرا و، لەگەڵ ئێران-یشدا پەیەوە دەکرێت).
بەندی 63:
(حکومەتی عوسمانی، لەماوەی پەیمان دەدات لە ماوەی 3 مانگدا لەو مژووەوە کە تیایدا ئاگادار دەکرێت، بەیارەکانی هەردوو لیژنەی کەمیسیۆن، کە لە بەندی 67دا باسکراون، لە ئەستۆ بگرێت و جێبەجێیان بکات).
بەندی 64:
(ئەگەر لە ماوەی ساڵەکدا، لە مژووی دەستپێکران و جێبەجێکردنی

ئەم پەیمانەوە، گەلی نیشتەجێی ناو ئەو ناوچە دەست نیشان کراوانە، کە لە بەندی 62دا هاتوون، داوایەکی پێشکەش بە کۆمەڵی گەلان کرد، کە بڕە زەربەی خۆکی نەو ئەم ناوچانە، ئارەزوو دەکەن لە تورکیا جیابنەوە و کۆمەڵەی نەوبراویش لەو باوەڕدا بێت، کە ئەم گەلە دەتوانێت سەربەخۆ بێت و پێسپێری ئەمە بکات، ئەوا تورکیاش لە ئەستاوە پەیمان دەدات ئەو پە سپێریە جێبەجێ بکات و دەست بەرداری هەموو ماف و ئیمتیازێکی خۆی دەبێت لەو ناوچانەدا، ئەم دەست بەردار بوونەش بە درێژی، بابەتێکی تایبەتی دەبێت لە نەوان زەربەی وڵاتانی هاوپەیمان و تورکیادا، بەیە لە کاتی دەست بەرداربووندا، کە بووە، هیچ بڕەهەستیەک لە لایەن وڵاتانی هاوپەیمانی نەو هێنراوەوە، ناخرێتە بەرامبەر مەیلی کوردی نیشتەجێی ئەو بەشەی خاکی کوردستان، کە تا ئەمڕۆ، لە ویلایەتی- موسڵ- دان و بە خواستی خەیان دەیانەوێت لەگەڵ حکومەتە سەربەخۆکەی کوردا یەکبگرن).
لەمڕۆا ووتراوە لەسیاسەتدا بەرژەوەندی هەیە، نەك دەستی هەمیشەیی، زەربەی رەکەوتنەکانیش لەگەڵ کورد بە زارەکی بووە بەیە هەمیشە سەبارەت بەخواستەکانی پشتی تەکراوە" ئەمە جگەلەوەی کورد هەمیشە لەناوخۆدا ناکۆك و ناتەبا بووەو شکستهێنانی شۆشەکانی بەدەستی لایەنەکانی ناوخۆیی گەواهی ئەو راستیەن، ئەمەش گوزارشت بووە لە ئەقڵیەتی ئەو سەردەمەی کورد کە بەداخەوە تائێستاش درێژەی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا رەکەوتنامەی سیڤەر تەنها رەکەوتنامەیەکە کە بڕەوونی باس لە دروستکردنی کیانێکی سەربەخۆ بە کورد دەکات".
هەر وەك باسمان کرد لە بەندەکانی تریش بەشەویەکی ناڕاستەوخۆ باسی کورد دەکات بەڵام بە ئاوەڕی ناوی کورد بهێنێ .
رەکەوتنامەی سیڤەر زۆر بەڕوونی باسی لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی کردووە، دەبوو سیاستمەدارانی کوردی ئەوکات سارد نەبونایەتەوە لەگەڵ ئەو پاپشتیە نەودەوڵەتیە بە مافەکانی لە خەبات و تەکۆشان بەردەوام بونایە بە جێبەجێکردنی ئەو بەندە یاسایانەی کەلە پەیماننامەکەدا هاتووە.چونکە لە ساڵی ١٩٢٠ەوە بە ١٩٢٣ کاتێکی زۆر گونجاوبووە بە جێبەجێکردنی ئەو بەندانەی کە پەیوەندیداربووە بە دۆزی کوردەوە.
بەڵام تا ڕۆژگاری ئەمەش نهێنی جێبەجێ نەکردنی ئەو مادانە جێی پرسیارن.!؟ئەگەرچی پەیمانی سیڤەر تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش بووە خەونی کورد و بەدی نەهات، بەڵام بگومان ئەگەر ئەو کات ئەو پەیمانە و بەندەکانی بە کورد بچوایەتە بواری جێبەجێ کردنەوە، ئێستا واقیعی ناوچەکە و کوردو کوردستان بە تایبەتی شتێکی تر دەبوو.

چۆن کۆمەڵگایەکی خوێندەوار دروست دەبێ؟ کۆمەڵگایەک بە خوێندنەوە یان چەند کۆمەڵگایەک؟.. زانا ئیزاق

سەرەتا زەر کتێب و شت لەسەر ئەو ووتراوە تەنانەت زەر نووسەری کتێب نووسینیش گلەیی و تەخنەیان بە نەخوێندنەوەی کەسانی کۆمەڵگا هەبووە بەڵام دەبێ بزانگایەکی یان چەند کۆمەڵگایەکی دروست و ڕاست وا لەخۆکی کۆمەڵگا بکەیت بخوێنێتەوە بە ئەوەی مرۆڤانەکی ڕۆشنفکرمان هەبێ پێرۆش بێ تواناکانی بدات .
ئۆگەر بڕینە سەر ئەو پرسیارەی چۆن خوێندنەوە پەرە پێدەدەی؟
بڕگومان کۆمەڵگاکان زەرن بەس بێ ئەوە دەبێ خوێندنەوە لایان گرنگییەکی یان چەند گرنگییەکی هەبێ لەیەکسانی کردن لەنێوان کەسەکان نەک خزمخزمێنەو واستەکاری چونکە ئەم هەبێ هەموو کەس ناخوێنێتەوە ئەوانی تریش دەخوێننەوە بەهیوا دەکات ووردە ووردەش لە خوێندنەوە دوورییان دەخاتەوە ئەمەش زیانی دەبێ هەروەها لە کۆمەڵگاش و بوارەکانیش گرنگی تایبەتی خۆی هەبێ ئەمەش چۆن دەبێ؟
دەبێ لە هەموو بوارەکان مەرجی یەکەمی کارکردن ئەوەبێت لێهاتوویی و توانایی ببێتە خاڵکی گرنگ کاتێک ئەم دەبێتە مەرج سەد پرسیاری بە کارکردنەو شارەزابوونی لێدەکرێت ئەوا خاڵکیش دەخوێنێتەوە ئەوجا ئەم نەک ژمارەیەکی کەم بەڵکو ژمارەی زۆری خاڵکیش وا دەکەن دوای ئەوەش بە پلەبەرزکردنەوەش لە شوێنەکان ئەوە بکرێتە مەرج لەوەش مرۆڤکان دەخوێننەوە چونکە ئۆگەر لەوەش توانایی و ئاستی بکرێتە پێوەرێک ئەوکات لە نێوان مرۆڤکان مەملانێ دروست دەبێ و دەخوێننەوە هەروەکو چێنیش پاداشتی فەرخوازێک ساڵکی خۆ فەرکردن و خوێندنەوە دواتر تاقی کردنەوەی پەیدەکرێت دەچێتە قۆناغی داهاتوو ئاواش لەو شوێنانەی پلەبەرزکردنەوە خاڵک و مەرجەکی ئەوە بە دواتر هەوە بدرێت خوێنەرەکان فەری ئامانجەکی ژیان یان چەند ئامانجەکی ژیان بکەن چونکە ئەوەش لەووی دەروونییەوە کاریگەری خۆی هەیە.

تێبینی بەرژەوەندی تایبەتیەکان لەکۆمەڵگا و بوارەکان نەهێی بەرژەوەندی گشتی پەرە پێبدەی خاڵکیش ناچارە وا بکات و

بیخوێنەتەوە چونکە گرنگی دەبێ لایان.

2022 9 1

خەیاڵ لە ئەدەبی منداڵاندا.. ڕزا شوان

بگومان پشکۆتن و داهێنان و ئافراندن، لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، بڕی خەیاڵ و بیرکردنەوە و تێکۆشانی مرۆڤن. گاڵی جیاوازی و تایبەتمەندی لە مرۆڤدا هەن، وایان کردووە کە توانای داهێنان و ڕەخستنی ژیانی خێی هەبێت و لە ژینگە تێبگات. بتوانێت کولتوورەکی ڕووشتی و مادی و زانیاریی گشتی و زانستی زانیاری بنیات بنێت، لەگەڵ دەزینەوەی پراکتیزەکردن لە سەرجەم ئەم کارانەدا. لە نێو ئەم تایبەتمەندییانەدا تایبەتمەندی خەیاڵکردنە، کە بریتییە لە بنیاتنانی هزری نوێ لە بابەتە هەبووەکان. ئەو ڕەگە گرنگەی کە خەیاڵ (فانتازیا) لە ژیانی مرۆڤدا هەیەتی، هەر لە سەرەتای مێژووەوە جگەی گرنگی پێدانی مرۆڤ بووە. گرنگی بە ڕەشنبیریی گشتی و فەلسەفە و ئەدەب و هونەر و زانستە مرۆییەکان داوە، لەوانەش زانستی پەروەردە.
هەشتا هەر خەیاڵ (ئەندێشە) جگەی گرنگی پێدانە بە هەموو ئەو لقە زانستییانە. هەر لقەکیشی چوارچێوەی ئاماژەیی خێی هەیە، لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دیاردانەدا.
خەیاڵ ئەو ڕووداو و بابەت و بیرکانەیە، کە لانێو ئەقڵی مرۆڤدا سەرهەڵدەدەن. کە بە ئارەزووی خێی دروست دەبن، ئەم خەیاڵانە دەیبات جیهانکی دیکەوە، لەو ڕەگیەوە دەتوانێت کەنترەڵی ژیانی بکات و ڕووبەڕووی ئەو ڕووداو و کارانە بێتەوە کە دێنە ڕێی. بە بە ئەوەی بەربەستک هەبێت ڕێی پێبگرێت و ڕایبگرێت. خەیاڵ بەوەش پێناسە دەکرێت کە کردارەکی ئەقڵی زانستی یە. خەیاڵی داهێنەرانە پاڵپشتکی بەهێز بە داهێنان و گونجاندن لەگەڵ ژینگەدا. بە شێوەیکی گشتی خەیاڵ بەوە پێناسە دەکرێت کە بریتییە لە توانای ئەقڵی بە تاقیکردنەوە و دەزینەوەی تازە و بنیاتنان و پێکەوەنان.

بیرمەندان و رۆشنبیران و نووسەران، لە پێناسەکردن و ڕاڤەکردن و دیاریکردنی چەمکی وشەی "خەیاڵ" دا، ناکۆکن و هاوڕانین، هەی مشتومڕیشیان، ئەوەیە کە خەیاڵ زاراوەیەکی درکردنە، بۆپەی ناوەڕۆکەکان و تیۆرە زانستییەکان، چەندین واتا دیاری دەکات. بەڵام هەموویان لە بارەی گرنگی خەیاڵ لە ئەدەبدا هاوڕان.

(ئەفلاتوون) یەکەم کەس بوو، کە لە ئەدەبدا گرنگی بە خەیاڵ دا. وای دەبینی کە شاعیر خەیاڵ بەکاردەهێنێت، داهێنەر و سروشی خوایی هەیە.

(ئەرستۆ) ش دەڵێت:"خەیاڵ بریتییە لەو پرۆسەیەی کە لە میانەیەوە وێنەیەکی زینی دەنوێنیت".
خەیاڵ لە هەموو کات و سەردەمەکدا، توخمێکی هاوبەشی گرنگە لە هەموو بەرهەمەکان و بوارەکانی ژیاندا.

(ئەلبێرت ئەینیشتاین) دەڵێت:"خەیاڵ گرنگترە لە زانین". زەر جار زانین سنووردارە بەو شتانەی کە هەیە. بەڵام خەیاڵ چەمکەکە، سنوور و لێژیکی تێدا نییە. لێژیک لە ئەلفەوە بێ یایە، خەیاڵیش دەتباتە هەر شوێنێک کە دەتەوێت. نە بازگەیە لە هەیە و نە پاسپۆرتیشی دەوێت. هەر بە خەیاڵیش ئایندەیەکی دەخواز بنیات دەنێیت.

(کارڵ ماركس) دەڵێت:"ئەوەی خەیاڵی نەبێت، باڵیشی نییە". بەیە لەو کەسە هەژارتر نییە کە لە خەیاڵدا هەژارە. بەڵام لەگەڵ ئەمشدا، وەکو ئەینیشتاین دەڵێت:" راستی هەمیشە لە خەیاڵ سەیرترە".
شاعیری ئینگلیزی (کریستۆفەر) دەڵێت:"یەکەم تەوانا کە پێویستە گرنگی پێبدەین، پێش ئەوەی ژەنگ بگرێت، خەیاڵە. ئەو خەیاڵە وامان لەدەکات، کە هەموو رۆژێک بە تازەیی لە جیهان بڕوانین".
پێویستە ئەوەش بزانین جیاوازییەکی زەر لە پلەی خەیاڵکردن لە نێوان خەڵکیدا هەیە. هەیە خەیاڵ تیژە، هەیە خەیاڵ ناوەندییە، هەشە خەیاڵ کزە.
خەیاڵ گرنگییەکی زەری هەیە لە یارمەتیدانی منداڵان، بە تێگەیشتن لە جیهانی دەوروبەریان و بە گوزارشتکردن لە خەیان. خەیاڵ بەشێکە لە چالاکییەکانی رۆژانەی منداڵان. گەر شتێک هەبێت منداڵان تێیدا سەرکەوتووبن، ئەوا توانای خەیاڵکردن و

دروستکردنی جیهانی تایبەتی خۆیانە. لە هەمووی گرنگتر مندالان، خۆیانکانیان بە گیان بە دوای زانیاری و بیرکەی نوێدا بەکاردەهێنن. بە نموونە کە سەردانی رووبارێک دەکەن، دەکرێت ببێتە هۆی خۆیکردنیان لە ژیان لەناو ئاودا.
خۆیان لە منداندا، یەکێکە لەو شتە بەسوودانەی کە یارمەتی گەشەکردنی منداڵان دەدات بە شێوەیەکی سروشتی.
هەر لە ساڵانی یەکەمی ژیانی منداندا، خۆیان جێگەیەکی گرنگ لە چالاکییەکانی ئەقڵی منداڵان پێدەکاتەوە. زۆرێک لە بیرکەو یاری و هیواکانیان، لەسەر بنەمای خۆیان پێکهاتوون. خۆیانیش لە دوو فاکتەر پێکدێت یەکەکیان (دەرەکییە) دەوروبەری منداڵان. ئەوی دیکەیان (ناوەکییە) تێڕوانینیان دەربارەی جیهان. خۆیان بوارێکی گرنگ و وروژێنەرە لە گەشەکردنی منداڵان. هەموو منداڵێک دەرفەتی ئەوەی هەیە، کە پەرە بە داهێنان و خۆیاڵی بدات.
منداڵان لە ڕێگەی خۆیانەوە، دەتوانن بەسەر بەربەستەکانی کات و شوێن و ئەستەمدا بازبدەن و سنووری هەزەکانی خۆیان تێپەڕێنن و دەستیان بە ئەوشتانە درێژبکەن و پەرەیان پێبدەن، کە لە ڕاستییدا ناتوانن بە دەستیان بهێنن. بە نموونە منداڵان، بە خۆیان، لە ڕێی ڕەتەکی کارتێنیەوە، یا بە سواری پێنووسێک، دەچنە سەر مانگ و هەسارەکان. بەڵام لە ڕاستییدا ئەمەیان پێناکرێت. هەروەها لە ڕێگەی خۆیانەوە، منداڵان دەتوانن بەسەر سەختییەکانی ژیانی ڕۆژانەدا زاڵبن و ئاواتەکانیان بەدەست بهێنن. بەردەوامیش بە دوای هەموو شتێکدا دەگەڕێن کە تازە و بەسوودبن. بەم شێوەیە گەشەیەکی گشتگیر و تەواو و هاوسەنگ بەدەست دەهێنن.
خۆیاڵی وەهمی، لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیانی منداندا، یارمەتیان دەدات، کە گرنگی بە ئاژەڵ و باڵندە و شتە بە گیانەکان بدەن. خۆیان دەیانباتە جیهانێکی ئەفسانەیی ئەفسوناوی و سەرنجڕاکێش. لەم قۆناغەدا، منداڵان خەشباوەڵن و باوەڕیان بەوە هەیە، کە ئاژەڵ و باڵندە و دار و بەرد و هەر هەموو شتەکان، زمان دەزانن و دەتوانن بە کوردی بدوین، دەتوان گوێبگرن، دەخەشبن، پێکەنن، هەڵپەڕن، بەزن، چاکە و خراپە بکەن، یارمەتی بدەن،...هتد.
منداڵان لە نێوان سێ و پێنج ساڵیدا، خۆیان تێژن. بەڵام ئەم خۆیانەیان لەناو ئەو ژینگە تەسکەی تێیدا دەژین سنووردارە. لەم قۆناغەدا خۆیاڵی منداڵان، ڕێکی گرنگ

دگەت لە گەشەکردنیاندا. چونکە خەیاڵ ڕەگەیەکە بە ڕەکخستنی بەشکی زۆری چالاکییەکانیانیان. بنەمایەکیشە بۆ ڕاهێنانی توانا جووڵەییەکانیان و چالاکردنی چالاکییەکانی دیکەیان.
منداڵانی نێوان شەش و هەشت و نۆ ساڵان، خەیاڵەکانیان لە بازنەی سنووورداری ژینگە تێپەڕیوە. بەم ڕەهەش لە ڕەکانی گەشەکردنی خەیاڵی منداڵان، دەوترێت ڕەگی خەیاڵی ئازاد، کە تێیدا تامەزرۆی ئەو وێنە زێنییە ئاڵۆزانەن کە بەیان دەکەشن، یا بە خەیاڵی خەیان دروستیان دەکەن. بەیە ئارزووی چیرۆک و هەنراوە و پەخشان و شانۆ و گاڵتەک بابەتی تر دەکەن.
منداڵان تا تەمەنی دوانزە ساڵان، دەچنە قۆناغ و ڕەهەکی تروە. کە لە ڕاستییەوە نزیکە. بایەخێکی زۆر بە ڕاستی دەدەن، بە ئەوەی کە واز لە خەیاڵکردن بهێنن. خەیاڵکردن لەم قۆناغەدا، بە زۆری لەسەر بنەمای وێنەی بینراوە. لە دوای ئەوە، منداڵان مەیلییان بۆ ڕەو خەیاڵی ئەبستراکی"موجەرەد" هەیە. لەسەر بنەمای هەما و پێکهێنانی بیرۆکەکان بنیات دەنرێن.
بەو پێیەی کە ئەدەب وێناکردنێکی خەیاڵییە بە ژیان و هەزر و هەست و سۆز، لە میانەی پێکهاتەی زمانەوانییەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سنووری خەیاڵ لە ئەدەبدا، بە ئەدەبی منداڵانیشەوە بەرزە. زۆر جاریش ڕەڕەی خەیاڵ لە ئەدەبی منداڵاندا بە هەی پەیوەندیی بە هەزی خەیاڵ بە ژیانی ئاقڵی منداڵانەوە، زیاد دەکات.
دەکرێت خەیاڵی مرۆڤ سەرچاوەی ئەدەب بێت، بە ئەدەبی منداڵانیشەوە.
کەواتا هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی دەبێت هەڵگری وێناکردنی خەیاڵی بێت، تەنانەت ئەو ژانرە ئەدەبیانەش کە بە ڕاستی (ریالیستی) ناودەبرێن، دوورنین لە خەیاڵ. چونکە وێناگرتنێکی فۆتۆگرافی نین.

ئەدەبی منداڵان، کەمێک بەرهەمی هونەرییە، پشکش بە منداڵان دەکرێت. کە تایبەتمەندی و پێداویستی و ئاستی گەشەکردنیان لەبەرچاو دەگرن. واتە لە مانا گشتییەکەیدا، هەموو ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە پشکش بە منداڵان دەکرێن. کە مانا و بیرۆکە و هەستەکان بەرجەستەدەکەن.

گەمان لەوەدا نییە، کە خەیاڵ ڕۆکی گرنگ دەگێڕێت لە هەموو ژانرەکانی ئەدەبی منداڵان، وەک چیرۆک و هۆنراوە و پەخشان و شانۆ، ئەپەرەت، ڕۆمان، کە پتر لە فانتازیا، هەموو ئەو شتانەش کە پەیوەندییان بە ئەدەبی منداڵانەوە هەیە. کەواتا خەیاڵ پێویستییەکی گرنگی ئەدەبیاتی منداڵانە.
لێرەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە پێویستی و تایبەتمەندیی یەکەمی نووسەرانی ژانرەکانی ئەدەبی منداڵان، توانای خەیاڵکردنە. لە سایەی خەیاڵ و زماندا، بابەتە نووسراوەکانیان بە منداڵان دڵڕفێنن.
هەموومان بۆشکی زێری ئەو چیرۆکانەمان لەیادماون، کە بە منداڵی بۆیان گێڕاینەوە یا خۆمان خوێندمانەوە، کە لە منداڵیدا هەگریان بووین. خەیاڵ هەیەکی سەرکی ئەم هەگری و لەیادمانەویە.
یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگەکانی چیرۆکی منداڵان خەیاڵە. کە ڕۆکی سەرکیی لە چیرۆکی منداڵاندا هەیە. ئەو خەیاڵە منداڵانە بە چیرۆکەکان رادەکێشێت.
پەویستیشە کتێبەکانی منداڵان، لە خەیاڵی ترسناک و تۆقێنەر و لە کاری لە توانابەدەر پاک بکرێنەوە. تەکنیکاوی چەمکەکان و تەکنیککردنی راستیش لەگەڵ خەیاڵدا لە چیرۆکی منداڵاندا، نابێت ببنە هۆی جۆرێک لە سەرلێشێواندنی منداڵان.
ڕزا شوان
نەرویج: ١/ سێپتەمبەر/٢٠٢٢